*Journal of Language Studies.* Vol. 5, No. 4, Summer 2022, Pages (250-267)

IRAQI Academic Scientific Journals
المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# The Main Personality in The Novel "Nights of Adam" by Bayan

**Mariwan Omer Hassan***
**Kurdish Department, college of language, Sulaimani University, Kurdistan region**
Mariwan.hassan@univsul.edu.iq
&

**Ashti Hussein Arif**
**Kurdish Department, college of language and education, Charmo University. Kurdistan region**
ashti.hussein@charmouniversity.org

**Recived:** 22 /6 /2022 , **Accepted:** 26 /7/2022 , **Online Published : 31 /8/ 2022**

## Abstract

Our research entitled (the main personality in the Novel "Nights of Adam" by Bayan Salman) it studies the main personality in the Novel "Nights of Adam" by Bayan Salman. Since most of the personalities of her novel, it shows the views, issues and difficulties individual in the society. The significance of the paper is illustrating the issues of individual by a writer. We have used the descriptive analysis method. In the beginning descriptive method has been used to demonstrate the theory aspects then the analysis method has been used to analyze the texts.

Our research consists of two chapters, in the first chapter (theorized the concepts of the research) which is two sub-parts, the first sub-part is about the personality concept and the second one is about main personality in the aspect of novel. The second chapter (the main personality in the Novel "Nights of Adam" by Bayan Salman) which. describes the main personality in the Novel "Nights of Adam" . So, the result demonstrated in some points, the references and Abstract of the research in Kurdish, Arabic and English have been illustrated.

**Keywords:** main personality, Novel .

* **Corresponding Author**: Mariwan Omer, **E.Mail**: Mariwan.hassan@univsul.edu.iq
**Tel**: +9647700929494, **Affiliation**: Sulaimani University -Iraq

# الشخصية رئيسى فى رواية (ليالى آدم"بيان سلمان")

مروان عمر حسن

جامعة السليمانية

و

اشتي حسين عارف

جامعة جارمو

**الملخص:** بحثنا بعنوان الشخصية رئيسية فى رواية("ليالى آدم"بيان سلمان) يحاول و في الشخصية رئيسية عن رواية، لإن شخصيات مهمة الكاتب، في رواية يجسد صور و المشاكل وألام فرد في المجتمع، و أهمية في بحثنا عرض المشاكل فرد في نظرة كاتب رواية لأنها نفسها تعيش و فيها يعرف و المشاكل. بحثنا يتكون من قسمين: القسم الاول: (تحليل مفاهيم البحث) يتكون من محاورين: محور الأول: تناول(مفهم الشخصية) و في محور الثانى : تم بيان (الشخصية رئيسي فى رواية) فى الجانب النظرية. القسم الثانى: (الشخصية رئيسى فى رواية(ليالى آدم"بيان سلمان") يتكلم عن هى الشخصية رئيسي فى رواية(ليالێ آدم" بيان سلمان"). و في ختام البحث تم عرض النتائج في عدة نقاط.

**الكلمات الدالة:** الشخصية، رئيسية، رواية.

## (کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمان"شەوانی ئادەم"ی"بەیان سەلمان" دا)

پ.ی.د.مەریوان عومەر حسن

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

و

م.ی.ئاشتی حسین عارف

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە وزمان،زانکۆی چەرموو

کورتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم"ی"بەیان سەلمان"دا)، هەوڵدەدات لە کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم"دا بکۆڵێتەوە، ئەم کارەکتەرانە بەرجەستەکەری وێنە و گرفت و ئازارەکانی تاکن لە کۆمەڵگادا. گرنگی توێژینەوەکەمان لەوەدایە، کە هەوڵی خستنەڕووی کێشەکانی تاک دەدات لە ڕوانگەی ڕۆماننووسەوە، کە خۆی لە ناو ئەو واقیع دا دەژی و ئاشنایە بە کێشەکانی تاک. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بە کارهێنراوە، لە سەرەتا دا میتۆدی وەسفی بۆ خستنە ڕووی لایەنی تیۆری و پاشان میتۆدی شیکاری بە کارهێنراوە بۆ شیکردنەوە دەقەکان.

توێژینەوەکەمان لە دووبەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەم ( تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە ) لە دوو تەوەر پێک دێت، تەوەریی یەکەم باس لە(چەمکی کارەکتەر)دەکات و لە تەوەریی دووەمدا باس (کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمان)دا کراوە لە ڕووی تیۆرییەوە. بەشی دووەم ( کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم"ی"بەیان سەلمان"دا)،خراوەتەڕوو. ئەنجامەکانیش لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو، پوختەی توێژینەوەکە بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

بەشی یەکەم: تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

تەوەریی یەکەم: چەمکی کارەکتەر:

وشـەیەکی"( Character ) کارەکتەر زاراوەیەکە لە جیهانی شانۆوە هاتووەتە ناو دنیای ڕۆمانەوە، ئینگلیزییە بە مانەی ئەو کەسە دێت، کە ڕۆڵێك لەسەر تەختی شانۆ دەنوێنێ، هەروەها لەزمانی کوردیدا بە تایبەت لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی شانۆیی و دەروونناسیدا بۆ زاراوەی کەسێتی بەکاردێت"،(ئیبراهیم،٢٠١٦،٢٤). هەرچی دەربارەی کارەکتەرسازییە لە دەقی ڕۆماندا(بوشرا کەسنەزانی) دەڵێت:"کەسێتی سازی مەبەست لێی ئەفراندنی کەسێتییەکانی چیرۆکە، کە نووسەر هەریەکێکیان بە تایبەتمەندی ئاکاری و گیانی دیاریکراو لە دنیای چیرۆك و شانۆنامەدا دروستدەکات"،(کەسنەزانی،٢٠١٢،١٢٢)، کەواتە کارەکتەرسازی بەرهەمی کۆی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکە، هەموو ئەو شتانەی دەتوانرێت لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەوردی لە ژیانی کارەکتەردا بزانرێت، لە پاڵیدا پێناسی تایبەتی هەر کارەکتەرێک لە نێو دەقی ڕۆماندا دروست دەکەن.

تەوەریی دووەم: کارەکتەر لە ڕۆماندا:

.هەروەک چۆن لە ژیانی ئاسایی دا کەسانێک هەن ڕۆڵی گەورەو سەرەکی دەگێڕن لە ڕووداو وبەسەرهاتەکاندا، "بەهەمان شێوە لە فەزای ڕۆماندا کەسانێک هەن کارەکتەری سەرەکین و دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بنوێنن"، (مجید،٢٠١٤،١١٢)، نووسەر بایەخێکی تایبەت بە کارەکتەری سەرەکی دەدات، گرنگی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هزری دەدات، بۆیە کارەکتەری سەرەکی بە یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی دەقی ڕۆمان دادەنرێت، ئەم کارەکتەرە زیاتر قورسایی خراوەتە سەر،" نووسەر هەموو تواناکانی بەکار دەهێنێ بۆ دەرخستنی ئەم کارەکتەرە لە هەموو ڕوویەکەوە، شوێنی هەرە گەورەی لە قەبارەی ڕۆمانەکەدا دەداتێ، چونکە هەڵگری نامەی نووسەرو بەرجەستەکەری ڕوانین و هەڵوێستەکانیەتی لە ژیاندا"، (سماحة،١٩٩٩،٢٢)، بەڵام مەرج نییە هەمووکات کارەکتەری سەرەکی هەڵگری پەیامی نووسەر بێت گوزارشت لە ڕوانینەکانی نووسەربکات، بەڵکو هەندێجار دەگونجێ یەکێک لەکارەکتەرە لاوەکییەکان بەم ئەرکە هەڵسێ و ببێ بە هەڵگری پەیامی نووسەر.

"کارەکتەری سەرەکی ناوەندی ڕۆمان پێک دەهێنێت، کاردەکاتە سەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەڵسووکەوتەکانی کار دەکاتە سەر ژیانی کارەکتەری دیکە و بەمەش ڕەوتی سەرەکی بەسەرهاتەکان بەرەو پێش دەچن، قەیرانەکانی ژنی ئەو(کارەکتەری سەرەکی) لە ژیانی کارەکتەرە لاوەکییەکاندا ڕەنگدەداتەوە و تەنانەت هەندێجار شێوەی چارەنووسی ئەوان دادەڕێژێت"، (ئیبراهیم، ٢٠١٦،١٣٩)، ئەم کارەکتەرە هەندێجار لەلایەن هەندێ ڕۆماننووسەوە ئەرکی گێڕانەوەی پێدەسپێرێت، واتە هەم گێڕەرەوەی دەقەکەیە و هەمیش کارەکتەری سەرەکییە، "ئەم کارەکتەرە بزوێنەری سەرەکی زۆرینەی ڕووداوە سەرەکییەکانە و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بەرەو پێشچوونی کار و چالاکییەکانی ناو دەق، کە وەك زنجیرەیەك وایە کارەکتەرە لاوەکییەکان و کێشە و ڕووداوەکان بەیەکەوە لەمەودا دەقەکە پێکەوە گرێدانی، لە هەمان کاتدا دەچێتە ژێر باری دیکە و لەڕووی بیری و دەروونییەوە پەرەدەسێنێت و گەشەدەکات" (عبدللە، ٢٠٠٢،١٥)، کەواتە پێویستە ئەم کارەکتەر بەردەوام لە هەموو ڕەهەندەکانی کەسێتییەوە لە گەشەکردن دا بێت

تا کۆتایی دەقەکە، چونکە بازنەی بە یەکەوە گرێدانی هەموو ڕەگەزەکانە، بێگومان لەگەڵ گۆڕانی هەر یەک لە ڕەگەزەکانی تر ئەمیش دەگۆڕێت.
لە کاتی پێشکەشکردنی کارەکتەری سەرەکی پێویستە ڕۆماننووس "هەموشتێك لەبارەی کارەکتەری سەرەکییەکەوە بزانێت، وەلێ تەنیا لایەنە گرنگ و هەرە تایبەتییەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرابکات، نووسەر یەکسەر هەموو لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی قارەمانەکەی باس ناکات، وردە وردە ڕووناکی دەخاتەسەر ژیانی هەر بۆیە کارێکی ئەستەمە ئەو کەسێتییە هەر لە سەرتاوە ئەدگاری تەواوەتیی خۆی وەربگرێت"، (خەیات،٢٠١٩،٢٩)، دەربارەی هەڵوێستی ئەم جۆرە لە کارەکتەر "هەڵوێستی تازەی دەبێت، دەبێت بە شێوەیەك دەربکەوێت کە بە لایەنی کەمەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنە دژوارەکاندا بکات"، (ڕەحمان،٢٠١٢،١٠٨). زۆر جار کارەکتەری سەرەکی لە چیرۆك و ڕۆماندا مەرج نییە مرۆڤ بێت، دەکرێت، سروشت یاخود لەو بونەوەرانی تربێت، گرنگترین ئەرکی ئەم کارەکتەرە ئەوەیە، کە ڕووداوە سەرەکییەکان لە خۆ دەگرێت، بۆیە هەمیشە بنیاتنانی ئەم جۆرە کارەکتەرە مایەی ترسە بووە بۆ ڕۆماننوس.

تایبەتمەندی ئەم جۆرە لە کارەکتەر ئەوەیە کە بەشێوەیەکی خۆرسکانە بۆ قەدەری تاکانەی خۆی ناژێت لە ناو ئەو ڕێکەوتانەی کەوا دەوریان داوە، بەڵکو دەیەوێت بەشدار بێت لەو تایبەتمەندییە، کەوا ڕۆمان نووس پێی بەخشیوە لە ناو کارەکتەرەکانی تردا، کارەکتەری سەرەکی لەلایەک خۆی لە کرۆکی ڕووداوەکان نزیک دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەرە لاوەکییەکاندا دەبەستێت، تەنانەت"قەیرانەکانی ژیانی ئەو، لە ژیانی کارەکتەرە لاوەکییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، هەندێجاریش شێوەی چارەنووسی ئەوانیش دادەڕێژێ"، (ئەڵونی، ٢٠٠٩،٤٣)، جگەلەوەی کارەکتەری سەرەکی مەرج نییە هەمیشە هەڵگری سیفەتی باش بێت، بەڵکو وەك هەر مرۆڤێکی تر هەڵگری لایەنی باش و خراپ دەبێت. چونکە"کارەکتەر ئەو کاتە قووڵایی دەبێت، کە فرە ڕەهەند بێت، ڕۆماننووس لەدروستکردنی کارەکتەرە سەرەکییەکان، پەنا بۆ ئەم فرەڕەهەندییە دەبەن، ئەگینا لەپاڵ ئەم کارەکتەرە سەرەکییانەدا کارەکتەری ترش بەکاردێنن، کە تاکڕەهەندن و قووڵاییان نییە"، (یاقووب،٢٠٢١،١٤١)، ئەم کارەکتەر پەرەسێنە بە پێی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانی دیکەی دەق لایەنی باشی و خراپی تیادا زاڵ دەبێت، چونکە کارەکتەری سەرەکی چەندان دیوی ناکۆک و نەگونجاو لە کەسێتییاندا هەیە، زیاتر لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و کردار و هەڵوێستەکانییەوە دەناسرێتەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات زیندوویێتی بە کارەکتەر ببخشێ، کردار و هەڵوێست لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کارەکتەر باشتر دەردەخەن لەو وەسفانەی لەلایەن حیکایەتخوان یان کارەکتەرێکی دیکەوەبۆ کارەکتەر دەکرێت.

## بەشی دووەم: کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم"ی بەیان سەلمان"دا:

سەبارەت بە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ئەم دەقە، هەموو کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە بەگشتی و کارەکتەرە سەرەکییەکان بە تایبەتی هەڵگری چیرۆک و پاشخانێکی تراژێدین، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە تاکێک کە بگەڕێتەوە بۆ خود و توانای تێرامانی هەبێت زۆرجار دەبێت بە قۆناغێکی تراژیدی تێپەڕێت، لەم بارەیەوە ڕۆماننووس دەڵێت" لێرەدا تراژێدی ئەو بەشە ترسناکە و واقعییەشە کە مرۆڤ ڕووت دەکاتەوە بەرامبەر بە کرداری خۆی و دەوروبەری. بە گەڕانەوە بۆ هەر یەک لە کەسایەتیەکان دەبینین ڕابردوویەکی تراژێدی هەیە. لە شوێنێکدا کەسەکە خۆی خراپەی نواندوە، وەک ئادەم کە قومارباز و هاتوچۆی لای سۆزانی و بێ باکیی نواندوە... یاخود یەکێکە کە کەسانی تر خراپیان بەرامبەر کردووە، وەک کەسایەتی پاساری کە نێرەمووکە و خەڵک خراپیان لەگەڵ کردووە. ئەگەر خراپە نەبێت تراژێدی ڕوو نادات... بێگومان تراژێدیا چاوی مرۆڤ دەکاتەوە لەسەر لایەنە شاراوەکانی کە فەرمانی

بەدکاری پێ دەدەن. چاوی کەسەکان دەکاتەوە لەسەر واقیعێکی نەخوازراو ئیدی کەسەکان دوای ئەوە ئازادن کام ڕێگایە دەگرنە بەر،سەلمان،٢٠٢١"، کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە ئەمانەن"

ئادەم، یەکێکە لە کارەکتەرە بنەڕەتییەکانی نێو ئەم ڕۆمان، ناو نیشانی ڕۆمانەکەش هەر بەناوی ئەم کارەکتەرەوە ناونراوە، سەبارەت بە پاڵەوان بوونی ئەم کارەکتەرە سەرەکییە (ئارام کۆشکی) دەڵێت: "نووسەر مەبەستێتی لەبەر پێشاندانی قووڵایی تراژیدیا گەمەیەک لەگەڵ خوێنەر بکات، گەمەی ئەوەی وابزانێت لە ڕۆمانەکەدا پاڵەوانێک هەیە، بەڵام لەدوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خوێنەر هەست بەوەبکات لەسەردەمی تراژیدیا هەمووان قوربانین و کەس پاڵەوان نییە، کۆشکی،١٩،٢٠٢٠). بۆیە ئەم کارەکتەرە سەرەکییە کەمترسیفەتی پاڵەوانی تیادایە.

(ئادەم/وەستا) لە سەرەتای ژیانی دا، لە خێزانێکی ئاست ناوەندایە لە ڕووی ئابورییەوە، بە مەبەستی خوێندن ڕوودەکاتە بەغدادی پایتەخت، بەڵام لەوێ درێژە بە خوێندن نادات، ناشتوانێ ئەم ڕاستییە بۆ خێزانەکەی ئاشکرابکات، چونکە لەکاردانەوەکانی خێزانەکە دەترسێت، لە بغداد لە جیاتی خوێندنی زانکۆ تەواوی کاتەکانی خەریکی قومار و کاری لەشکڕین دەبێت لەگەڵ ئافرەتانی لەشفرۆش، بێگومان ئەمەش بە هەوێیەکی خوێندکاری کە بە پارە دروستکراوە بۆ ئەوەی دەستگیرنەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتەوە، دوای لەدەستدانی باوک و دایک و خاڵۆی و هەڵوەشانەوەی خێزانەکەی، ڕوودەکاتە گوند و لەسەر زەوییەکانی خاڵۆی کە بۆی بەجێهێشتووە خانوویەک دروست دەکات ئەمە دەبێتە سەرەتای وەرچەرخان لە ژیانی دا، وەک خۆی دەڵێت: "لێرە بەردەوام ببن، بەردەوامبوون هەر لێرەیە، لەم هەنگاوی تەنیاییە، بێ چۆڵەوانی، کەس ناتوانێ بگاتەوە بەخۆی، من ئا لێرەیا گەیشتمەوە بە خۆم، پارچەکانی ژیانم، دیسان بەدەم یەکەوە دورییەوە، ژیان لە ناو خەڵکا گەڕەلاوژەیە، کە چوویتەوە ناویان، ڕادێیت، ئەمە وەک قومار وایە و دەرچوون قورسە لێی، ژیانێکە، پڕ هوروژمە"،(سەلمان،٢٠١٨،٣٧٢)، (ئادەم) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هۆکاری گەڕانەوەی بۆ خود تەنیایی و دەرچوونە لە هوروژم، هەر وەک لە ڕۆمانەکەدا ڕوون دەکرێتەوە هوروژم واتە هەر قسەی خەڵکی ئەجویتەوە بە بێ تێگەیشتن، هەر ئەگەڕێی و جوانی نادۆزیتەوە، بۆنی هیچ جۆرە خۆشەویستییەک ناکەی، چونکە لە نێو جەنجاڵی کۆمەڵ ون دەبێ، ئادەم ڕوودەکاتە تەنیایی لە پێناو بەدەست هێناوەی خود، چونکە مرۆڤ"تەنها لەنێو تەنیایی خۆیدا دەتوانیت خۆی بدۆزێتەوە و بزانیت کێیە، ئەو کاتەی کە تۆ تەواو هۆشیاریت بە خۆت، وریا و ئاگاداریت بە خودی خۆت، ئەوسا خۆشەویستی بە تافەتافەوەو لە ناو تۆدا هەڵدەقوڵێت و وەک ڕووبار دونیات تەڕ و سەوز و ئاوەدان دەکاتەوە، بگرە پەرجووی لەوەش زیاتری پێییە بۆ تۆ، مەرجە تەنیایی خولیا و سۆراغ و گەڕانێکی هەمیشەیی بێت بە ناو خۆت و جیهاندا"، (ئۆشۆ،٢٠١٨،١٥)، ئەمەش وادەکات لە قومار و لەشکرییەوە بە ئاراستەی تێڕامان لە بوون و ژیان ڕێڕەوی بگۆڕێ، پاشانیش تێکەڵ بە عەشقێکی جوان بێت.

ئادەم لەم قۆناغی تەنیاییدا بە جۆرێک فکری دەگۆڕێت دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە ژیانێکی بێ بەرنامەو لادەر وهەرەمەکییەوە ئامانجێک بۆ ژیانی دیاریبکات و لە پێناویدا بژی و قوربانی بات، چونکە بەلایەوە "ژیان یەعنی هەبوونی ئامانجێک، خولیایەک، ئیتر جۆری ئەوئامانج و خولیایە چییە، هەر جێی پرسیار نییە، تەنانەت جێی بایەخیش نییە کەسێک بە ئامانجی بگاتە یان نا، هەر هەوڵدانەکەی تێی ئەگەیەنێت، کە هێشتا ئەژی، ئەوەش بزانە، کاک مەردۆخ، تەنیا مردن ئەو ڕێگریەیە بەرامبەر بە گەیشتن بەو ئامانجەو سڕینەوەی بە تەواوی، دەنا کە ئامانجت لە بەرچاوت گرت، ئەمڕۆ نا سبەی هەر پێی ئەگەی، گریما پێشی نەگەیشتی ، خۆدرکت پێ کرد، ئەمەش وات لێ ئەکات، هەرهیچ نەبێ بەگەوجی نەمری"، (سەلمان ٢٠١٥،٢٤٩)، ئادەم پێمان دەڵێت مرۆڤ کاتێک زیندووە و ئەزموون دەکات کە ئامانج و خەون و خەیاڵی هەبێت، جا ئەم ئامانجە هەر چی و هەرجۆرێک بێت، گرنگ نییە، گرنگ بوونی ئامانج و خەونە، گەر مرۆڤ

ئامانجی نەبوو تەنیا هەناسە دەدات، ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە ئامانج و مانای ژیان شتێکی گشتی نییە، بەڵکو هەر تاکێك دەبێت ماناو ئامانجی ژیانی خۆی لەساتە جیاوازەکاندا بدۆزێتەوە.
هەر لەبارەی ئامانج و خەونەوە(ئومێد حەمە علی) دەڵێت:"خەیاڵ و خەونەکانمان ماڵی هیوا و ئومێدەکانمان، ئەوەی خەیاڵ و خەونی هەبێ ناتوانێ بەتەواوی ئومێد لەدەستبدات، تەنانەت هەرە بێئومێدترینەکان کاتێک بیانەوێت گوزارشــت لە دۆخی ڕاســتەقینەی خۆیان بکەن ناتوانن بە بێ بوونی ئومێد سەرکەوتووانە گوزارشت لەم ڕەوشەی ژیانیان بکەن"، (حەمەعلی، ٢٠١٨، ٢٨)، هەر بۆیە هەمیشــە دەیەوێت ئەو کارەکتەرانەی ڕوودەکەنە کۆشــک لەســەر هەبوونی خەونێک پەروەردەبکات، لە گفتووگۆیەکدا بە(مەردۆخ) دەڵێت:"دەی بزانە کاکە مەردۆخ، ئەوە هەر ئەسڵی نییە، بێ خەون، کاریش بوونی نییە و ئەگەر هەشبێ، تا بڵێی نارێک و خوار و خێچ دەر ئەچێت! هەر بۆیە لە شــەوا بیرکردنەوە و خەون ئەبنە هاوڕێت و ئەتپارێزن"، (ســەلمان، ٢٠١٥، ٢٦٠)، ئەمەش دەمان بات بۆ ئەو بۆچوونەی (پاســکال) لە بارەی خەونەوە دەربارەی مرۆڤ لە دوو ڕوانگەوە دادوەری دەکات و پێیوایە: "ئەگەر لە پەیوەندی بە ئامانجی ئەوەوە دادوەری بکەین، لەوێڕا مرۆڤ وەک بوونێکی مەزن و بێهاوتا دەردەکەوێت، یان ئەوەتا وەک زۆرینەی خەڵک دادوەریدەکەن، بۆ نموونە دەربارەی سروشتی ئەسپ ئایا بەباشی ڕادەکات، یان خەسڵەتی باشی هەن؟ لەم شــێوە دادوەریکردنەدا مرۆڤ قێزەون و شــورەییئامێز دەبێت، چونکە لە دادوەری یەکەمدا مرۆڤ کێشــەی خۆی لەتەک ئامانجی بوونی خۆیدا بەرجەســتەدەکات، ئەمەش گەڕانی مرۆڤ و بیرکردنەوەیە دەربارەی مانای ئەو بوونە، تەنها بەم شــکڵە پرســی جەوهەری ئەو دێتە گۆڕێ، ئاوەڕدانەوەی جیددی لەئامانج و مانای بوونی مرۆڤ"، (حەمەعەلی، ٢٠٢١، ٣٠).
هەر ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت خەونیش هەروا لەخۆڕا نایەت، بەڵکو لەیەک کاتدا هەم بێدنگی و هەم هاواریشــی هەڵگرتووە، واتە هاوارێکی بێدەنگی لە ناخدا هەڵگرتووە "ئاخر هەرخەون بێدەنگی و هاواری لە ناوەخندا هەڵگرتووە. ســیفەتی وێرانەش وەهایە، کە لایەکی ڕابردووی لە خۆیا هەڵگرتووە، بە شوێنەوار ئەچێ کە چی وانییە، چونکوو لایەکی ئێستای هەیە، کە بەردەوامە لە ڕووخاندن"، (ســەلمان،٢٠١٥،٥٥٦)، بەم پێیە ئادەم پێمان دەڵێت پێویســتە قوربانی لە پێناوی خەونەکانمان بدەن، ســەبارەت بە بەراوردکردنی خەون بە وێرانە لەو ڕوانگەیەوە کە لە ئاســتی وێرانەدا مرۆڤ بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، ئەم بێدەنگییەش هاوارێکی بێدەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناتوانێ گوزارشــتی لێبکات، بەڵام وێرانە لەوەدا جیاوازە کە کاریگەرییەکانی بەردەوام دەبێت لەسەر دەروونی مرۆڤ.
ئەوەی گرنگە لە بارەی ئەم کارەکتەرەوە ئەوەیە، ماڵە کەی (ئادەم) دەبێتە وێســتگە و پەناگەیەک بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی وێڵی دۆزینەوەی خود و گەڕانەوەن بۆ ناو ناخی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا (ئادەم) پێی وایە، ئەو دەنگەی لە ناخیدایە پێنەگەیشــتن پێی باشــترە، چونکە مرۆڤ بەردەوام ئاژەڵێک(دەنگێک) لە ناخیدایە و وەک ئاژەڵێک کە ڕاوچی ڕاوی بنێت ڕادەکات، ئەمیش ئەم دەنگەڕاوی دەنێت و نایەڵێ ئۆقرە بگرێ، ئەم گەڕانە بەردەوامەش دەبێتە سەرچاوەی دۆزینەوە و داهێنانەکان"...باشــترە کەس ئەو ئاژەڵەی ناخی نەدۆزێتەوە، کە دۆزییەوە، واز لە هەمووشت ئەهێنێ کە توشــی ئەم دۆخەش بوو، بوونی خۆی ئەسڕێتەوە، دۆزینەوە بەڵایە، کاك مەردۆخ، بڕوات هەبێت وەك ئەو خەڵاتە گەورانە وایە، کە بە نووســەرەکان ئەدرێ، تاکو کپیان بکەن و بیانکوژن، خەڵاتکردن بە شــێکە لە کوشــتنی کەســێکی داهێنەر، لە بەرئەوە باشــترە هیچ نەدۆزییەوە و هەر بگەڕێی، "،(ســەلمان،٢٠١٥،٢١٠)، نووســەر پێی وایە گەڕانەوە بۆ ناو ناخ ڕوحی داهێنەرانەی مرۆڤ دەکوژێت و چیتر مرۆڤێکی گەڕیدە نابێت، ئەگەر چی مەرج نییە هەموو گەڕانێکیش بۆ خود داهێنانی لێبکەوێتەوە، لە بارەی پەیوەندی نێوان گەڕان و داهێنان نووســەر دەڵێت:" دەکرێت لە ڕێگای گەڕان مرۆڤ داهێنان بکات. ئەوە لەســەر خودی کەســەکە وەستاوە چۆن تەماشــای داهێنان دەکات؟ چۆن کاری تێدا دەکات؟ ئامرازی کارکردنەکەی چیە بۆ گەیشــتن بەوەی وەک خەون لە خەیاڵیدا نیشــتۆتەوە و پێویســتە بیکاتە بەرهەمێکی داهێنەرانە.
دۆزینەوە ترسناکە، چونکە لەبری ئەوەی نزیکت بخاتەوە لە ئامانجەکەت، دوورت دەخاتەوە لێی

و باوەڕت پێ ناهێڵێت بە خۆت و بە تواناکانت. بێجگە لەوەی، کە دەگەڕێیت واتە بەردەوام لەناو پرۆسەکەیت بۆ دۆزینەوە، بەڵام هێشتا نەتدۆزیوەتەوە"، (سەلمان،٢٠٢١)، بە مانایەکی دیکە نووسەر پێمان دەڵێت چێژو بەردەوامی ژیان لە گەڕاندایە نەک دۆزینەوە، چونکە کە دۆزیتەوە واتە گەڕان و کۆشش کۆتایی دێت.

(ئادەم) وەک کارەکتەرێکی ڕۆشنبیر ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پەروەردەی هزری ئەو کارەکتەرانەی کە بە برینداری و خەمە جیاوازەکانی ژیانەوە ڕوو دەکەنەماڵەکەی لە میانەی گفتووگۆیەکیدا لەگەڵ (مەردۆخ) دا کاتێک پرسیاری دەربارەی گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەت لێدەکات لە وەڵامی مەردۆخدا دەڵێت:"... دونیا پڕێتی لە هەزاران ڕاستی و هەزاران درۆ! یەک بازنەیەکی بێهودەشە هەموو دونیا بەدەوریا ئەخولێتەوە. ئەمەت بیرنەچێت. چونکوو ئەو ڕاستیانە هیچیشی ڕاستیی ڕاستی نین، کە دۆزیتەوە، لە ڕاستیبوون تێئەپەڕێت و واتایەکی دیکە وەردەگرێت،... ڕاستیبوونی نییە، درۆش مەرج نییە درۆبێت، شتێک هەیە کە خۆمان ناومان ناوە ڕاستی، دەنا سانایی گەیشتن بە هەقیقەت، لەوەیە کە هەرکەسێک وا ئەزانێت خۆی هەڵەیە تاکوو بەدوایا بگەڕێ، ناوەرۆکی واتاش هەر لە نێو دەقەکانی ئەو هەقیقەتانەخۆی مەڵاس داوە"،(سەلمان،٢٠١٥،٢١٠)"، نووسەر لەسەر زاری ئادەمەوە ئەوە دەخاتە ڕوو، هەر کەسەو جۆرێک ڕاستی لەلایە، ڕۆماننووس دەیەوێت ڕاستی ڕەها بخاتە بەردەم ترازان، مرۆڤ لە کۆتی داخراویی، بیرتەسکی و دۆگمایی ڕزگاربکات، بیخاتە بەردەم ئاوالایی و بەرینیی بوون، چونکە باوەڕبوون بە یەک ڕاستی و بینینی وەک دوا ڕاستی وەک ئەوەی لای فەندەمێنتاڵەکان دەیبینین، مرۆڤ دادەبڕێت لە هەبوونی دونیابینێکی فرە ڕەهەند، عەقڵی مرۆڤ دادەخات لە ئاست درککردن بە فراوانیی بوون و ڕەنگاوڕەنگی ژیان، چونکە ڕاستی هەروەک(د.حەمید عزیز)دەڵێت: " ڕاستی لە جەوهەر و پوختەدا هەمیشە و لە هەمووشوێنێکدا بریتییە لە گونجان، بەیەکەوە گونجانی بوونەوەران لە نێو خۆیاندا و وەک داهێنراو لەگەڵ داهێنەرەکەیاندا"،(عزیز، ٢٠٠٦،١٣٤)، کەواتە ئەوەی ئێمە بەڕاستی دەبینین ڕێکەوتنی نێوان کەسێک یان چەند کەسێکە یان گروپێکە لە خەڵک، بە واتەیەکی دیکە "جەوهەری ڕاستی تاکانە و ڕەهایە و ئەویش پێناسە نەکراوە"،(کەمال، ٢٠٢١،١٩١) هەربۆیە ئەم پێناسەکردنەش بەپێی گروپ و کۆمەڵگە دەگۆڕێت. بۆیە ڕاستی هەرکەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکە یەک نین. ڕاستییەک هەیە کە فیکر پێشنیاری دەکات، تەنانەت ئەوەش مەرج نیە ڕاستی هەموو مرۆڤەکان بێت. لەبەر ئەوە بە دۆزینەوەشی هەر ناکاتە ئەوەی گەیشتووین بە ڕاستی. چونکە بەری ڕاستی زۆر دوورە و ئاڵۆزە، مرۆڤ هەمیشە دەگەڕێت بەدوای ڕاستی ڕاستیەکان. ئایا کەس دۆزیوێتەوە؟ یان ئەوە گەیشتنە بە جۆرێک لە هەقیقەت کە هەمان ئەوە نییە کە لەلای هەموو کەسێکە. ڕاستی کەسێکی ئیماندار وەکی کەسێکی بێ ئیمان نیە! هی کچێک کە ستەملێکراوە، وەکی هی کوڕێک نیە کە هەموو شتێکی بۆ ئاسان کراوەتەوە، ئەوەی هەژارێک هەمان ئەوەی دەوڵەمەندێک نیە...هتد.

هەر لە درێژەی گفتووگۆکاندا دەربارەی ڕاستی و حەقیقەتی شتەکان (ئادەم)بە (مەردۆخ) دەڵێت: "زۆر بڕوا بەچاوت مەکە، کاک مەردۆخ، دونیا هەمووی بریتییە لەتۆپێکی ئاویی خڕی هەڵخەڵەتێنەر، تەماشای هەر لایەکی و دیوێکی بکەی، جۆرە ڕاستییەکت بۆ ئاشکرا ئەبێت، لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر، وەک وتم، ئەوەی بە ڕۆژ ئەیبینت، هەمان ئەوە نییە کە بەشەو ئەیبینت، حەزم بە ئامۆژگاری نییە، بە پێچەوانەوە کە وەها لە من گەیشتووی، پێم خۆشە هیچت بۆ ئاسان نەکەمەوە و خۆت بەدوایا بچی.."،(سەلمان٢٠١٥،٢٥٩)، (ئادەم) پێی وایە کە ڕاستی فرە ڕەهەندە و لە هەر گۆشەنیگایەکەوە سەیری بکەی بەجۆرێک شتەکان دەبینی، ئەم سەیرکردنەش بە پێی تێڕوانینی کەسەکان دەگۆڕێت، جگەلەوەی پێمان دەڵێت دونیا بۆخۆی خەڵەتێنەرە، بۆیە هەرگیز بڕوا بە چاوت مەکە، چونکە هەندێجار مرۆڤ ڕاستییەکان لە میانەی بەرژوەندی و شتەباوەکانی دەوروبەری ببینێت، ئەگەر هاتوو ئەو ڕاستییە لەگەڵ بەرژوەندی و ئەوشتە باوە کۆمەڵایەتیانەی یەکبگرێتەوە، ئەوا بۆ ئەو سەختە دان بە ڕاستییەکی جیاواز بنێت، جگە لەوەی ڕاستی شتێک نییە، تەنها گریمانێکە مرۆڤ مەزەندەی دەکات بۆ ئەوەی لە

چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان پەنای بۆ ببات، ڕاستی ڕەهاش بوونی نییە، ئەگەر هەشبێ ئەوا مرۆڤ لێی تێناگات، چونکە مرۆڤ پێویستی بە ڕاستی ڕێژییە کە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕۆژانە سودی لێوەبگرێت.

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی کە ئادەم لەگەڵ میوانانی کۆشکەکەی تاوتوێی دەکات تاریکی ناخی مرۆڤەکانە، ئەگەرچی لە کۆی ڕۆمانەکەدا (ئادەم) جەخت لەسەر گرنگی تاریکی و ڕەنگی ڕەش دەکاتەوە لەبواری تێڕاماندا، بەڵام ئەو تاریکییە تا ئەو ئاستە گرنگە نەگاتە ناخی مرۆڤ، دەنا ئیتر مرۆڤ هەموو شتەکانی تر بە تاریکی دەبینێتە، کاتێک مەردۆخ دەربارەی تاریکی دەرەوە پرسیار لە ئادەم دەکات لە وەڵامدا دەڵێت: "کاک مەردۆخ، بڕوات هەبێ تەنها لە تاریکی خۆم ئەترسم، لە تاریکی ناخم، کە ڕۆژێک یەخەم بگرێ و بمدا بە عەردا و لە بنم بهێنێ، تاریکی دەرەوە چییە؟ ئەوە سەرپێییە، کە دێت هەر ئەشڕوات، تاریکیی ناو خۆت کە هات، دەستت لە خۆت بشۆرە"، (سەلمان، ٢٠١٥،٢٥٩)، ئادەم پێمان دەڵێت هەموو دۆخە تاریک و ئاڵۆزەکان گەر لەدەرەوەی مرۆڤ بوو تێدەپەڕێت، بەڵام گەر گەیشتە ناخی مرۆڤ چیتر تۆ خاوەن ڕەهەند و ڕەفتار و هزری مرۆڤایەتی نیت، چونکە کە تاریکی گەیشتە ناخت ئەوا فشارێکی گەورە دەخاتە سەر مرۆڤ، "مرۆڤ بوونیش لەوەدایە کە نەهێڵیت ئەو فشارەی ناوەوە کەرتت بکات، چونکە تاکە هیوا بمێنێتەوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤەکەی ناخمان ئەوەیە کە نەهێڵین فشارەکان بمانبەن"، (عەلی،٢٠٢١،٣٢٨)، واتە ئەوەی ئەم کارەکتەر دەیخاتەڕوو ئەوەیە کە نەهێڵین هیچ فاکتەرێکی دەرەکی ببێتەهۆی تاریکبوونی ناخمان.

یاخود لە گفتووگۆیەکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ هەموو کێشەکانی لە ناخی خۆیدایە دەڵێت:"هیچ کێشەیەک لە دەرەوەی ئێمە بوونی نییە، کاک مەردۆخ، دڵنیابە لەوە، ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمەن، درەنگ یان زوو هەر چارەسەر ئەکرێن. گریمان نەشکرێن، هەر ناکەنە ئەو کێشەیەی لە ناوەوەی خۆمانە، ئەمەیان تەنها دەستی خۆمانی پێی ئەگات، کەسی تر دەستی ناگاتێ، واش ئەزانی کە دەستی خۆت لێی نزیکە، دەی من پێت ئەڵێم وانییە، بەداخەوە، چونکە خۆت دەستی بۆ نابەی، کە هەموو شتێک لە ناوەوەی خۆمان پەیا ئەبێت، هیچ کەسێک ئەوەندەی خۆمان لە ناوەوە جەنجاڵ نییە، کەس لە خۆمان زیاتر ئەو گڤەی بایە لە ناخمان نابیستێ و هیچمان بۆ ناکرێ لە گەڵی"، (سەلمان،٢٠١٥،١٦٧)، ڕۆماننووس پێمان دەڵێت مرۆڤ بەشێکی زۆری گرفتەکانی لە ناوەوەی خۆیەتی، بۆیە"کەسی زرنگ و هۆشیار لە یەکەم هەنگاویدا بۆ گەوهەر و بوونی خۆی دەگەڕێت، نەک گەڕان بە ناو جیهانێکی دیکە لەدەرەوە، بەلایەنی کەمەوە با فەلسەفەکەت گەڕان بێت بە ناو ماڵەکەی خۆتدا، بەرلەوەی خەون بەوەوە ببینیت کە بە هەموو دنیادا بگەڕێیت"، (ئۆشۆ،٢٠١٨،٦٥)، چونکە گەر گرفتەکانی ناوەوەی خۆمان بینی و چارەسەکرمان کرد، بێگومان ئەمەش لەڕێگەی پشکنینی نەخمان، ئەوا هەموو گرفتەکانی دەرەوە ڕاگوزەر و تێدەپەڕێت، ئەمە جگە لەوەی ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت زۆر کێشەکان لە ئەنجامی ئەو دابەشبوونە ناوەکییە کە لە ناو ناخی مرۆڤ ڕوودەدات و گرفتەکانی دەرەوەش ڕەنگدانەوەی ئەم گرفتە ناوەکییە، بۆیە دەڵێت: "کێشە لەوەیە، ئەگەر وریا نەبین، ئەمە ئەبێتە بەڵا بەسەرماندا، چونکوو کە تۆ بوویتە دوو بەشەوە، نازانی کامەیان بەشە ڕاستەکەتە و کامیان درۆیە، لەوانەیە بەشە درۆکە بەسەرتا زاڵ بێت، چەواشەت بکات، سەرت لێ بشوێنێ و وات تێبگەیەنێت، کە ئەو ڕاستەکەیە، بەمەش زەحمەتە خۆت بدۆزیەوە. (سەلمان،٢٠١٥،٢٨٠)، زۆرجار گرفتی ئەم دابەشبوونە ئەوە مرۆڤ بە جۆرێک چەواشە دەکات نەزانێ کەمیان ڕاستەو کامیان هەڵەیە، ئەمەش وادەکات بڵێین"شەڕی گەورەی ناخەکییانەی مرۆڤ لەو دابەشبوون و کەرتبوونەدایە، کە دژیەکییەکانی خۆی پێکیدەهێنن، بەشێوەیەک ئەشێت شەڕی لە بەرانبەر دونیادا، لە بەرانبەر جەمسەرە ناکۆک و دژەکانی خۆیداپیادەکردن و گواستنەوەی ئەو شەڕ و نە کڵۆکییە ناوەکییەکانەی خۆی بێت، حەمەعەلی،٢٠١٢,٧).

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی کە ئادەم ئاماژەی پێدەدات، ئەویش بەختەوەری و خۆشبەختییە لە ژیانی مرۆڤدا، بێگومان ئەمەش بەپێی تێڕوانین و ئایدیۆلۆژیای مرۆڤەکان بۆ ژیان دەگۆڕێت و

هەرکەسەو لە شتێکدا بەختەوەری دەبینێتەوە، لە تێڕوانینی ئەم کارەکتەرەدا بەختەوەری هەر بوونی نییە، ئەمەش دژ وەستانەوەیە لەگەڵ هەڵپەی زۆرینەی مرۆڤەکان، هەر لەسەرەتای مێژووەوە تا هەنوکە، بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەرییە، بەڵام لای ئەم کارەکتەرە بەختەوەری بوونی نییە، کاتێک (ئادەم)بە(سەکینە) دەڵێت: "بەختەوەری هەر بوونی نییە، سەکینە، ئەوەی منیش بۆ تۆی پێشنیار ئەکەم، مافی بەوەوەنییە، ئێمە هەردووکمان کەسانێکی زامدارین، با جۆری زامەکانیشمان وەک یەک نەبێت و هەمان سەرچاوەیان نەبێت، من بە شێوەیەکی دیکە پێشنیاری ژیانت بۆ دەکەم، با بڵێین ڕوویەکی ژیان، نەک هەمووڕووەکانی، ئەکرێ پڕی نەهامەتی و ناتێگەیشتن بێت لەیەک، ئەشکرێ پڕ ساتی ئارامی بێت، بەڵام نە تۆ و نە خۆشم، بە بەختەوەری چەواشا ناکەم، ئەمە درۆی گەوجەکانە، نەخۆشی ساویلکەکانە.... هەر مانای ژیان خۆی، یەعنی وەیەکدادان لەگەڵ ناخۆشی، کە ئەمەمان قبوڵ کرد، ئەوسا سەرفراز ئەبین و تا ڕادەیەک بە ئاسودەیی، نەک بەختەوەری، ئەتوانین ڕەوتی ژیان بەڕێکەین، مەبەستیشمە بڵێم، بەڕێ بکەین، نەک بژین!"،(سەلمان،٢٠١٥،٣٦٠)، دیارە ئەم تێڕوانینەی ئادەم دەمانباتەوە بۆ ئەوەی گەر مرۆڤ لەدایکبوون و مردن و هەندێجار ژیانیشی لەدەستی خۆیدا نەبێت وەک ئەو دۆخەی کە ئەنفال دروستی کرد بۆ تاکی کوردی، لێرەوە ژیان نابێتە ئەو پانتاییەی کە خۆشی گەورە و بەختەوەری بەردەوامی تێدا بدۆزێتەوە، بەڵکو سەر زەمینێکە بۆ ئازارو نەهامەتییە بەردەوامەکان، هەر بۆیە هەر بیرکردنەوەیەکیش لە بە ختەوەری جۆرێک دەبێت لە خۆ فریودان، تەنانەت (ئادەم) زیاتر لەمەش دەڵێت ئەو مرۆڤانەی کە پێیان وایە بەختەوەری هەیە لە ڕووی هزییەوە مرۆڤی ساویلکەن، خۆیان خەڵەتاندووە، چونکە ئەم بۆچوونە لە ناهۆشمەندییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوەی"نیگەران و غەمی هەمیشەیی مرۆڤ لە ئاست بوونی خۆیدا سەرچاوەی نابەختەوەرییەکانی ئەوە، یا هەر خود نا بەختەوەرین، هەموو ئەمەش بە توندی گرێدراوی هۆشمەندی مرۆڤە، پاسکال لەو بارەیەوە دەنوسێت: تەنها بوونێکی ئاگامەند دەتوانێ نا بەختەوەربێ، لەوانەیە بەختەوەری پێکهاتبێت لە درکنەکردن و نا هۆشمەندی مرۆڤ لە ئاست نابەختەوەری و ئازاردا، یاخود ڕوونتر، بەختەوەری خۆقوتارکردنی مرۆڤە لە لەکۆڵگرتنی غەم و نییگەرانییە بونگەراییەکانی خۆیی"، (حەمەعەلی،٢٠٢١،٤٤).

خۆشەویستی دیاردەیەکی گرنگی ناو ژیانی کۆمەڵایەتییە، بناغەیە بۆ پێکەوەیی و ئاسودەی مرۆڤەکان، خۆشەویستی پانتاییەکی فراوانی لەم ڕۆمانەدا داگیرکردووە، نووسەر پێی وایە هەموو کارەساتەکان لە غیابی خۆشەویستیدا ڕوودەدەن، هەرکات خۆشەویستی بە مانا فراوانەکەی بوونی هەبوو، چیتر کوشتار بەردەوام نابێت، لەم نێوەندەشدا خۆشەویستی نێوان (نێر و مێ) دەبێتە یەکێک لەو فاکتەرانەی کە بووە بە هۆی گەڕیدەی ئەم کارەکتەرە و وەرچەرخانی لە ژیانیدا دروست کردووە، ئەمەش لەوەڵامێکی بۆ مەردۆخدا دەردەکەێت، کە دەڵێت:"کە بەڕێزت باسی خۆشەویستیت کرد، بەشێکی ئەم هاتنەت بۆ ئێرە پەیوەندی بەوەوە هەبووە، وانییە؟

بەڵێ، ئەمەشت لێ ناشارمەوە، ئەمە نەك پەیوەندی پێوە هەیە، بگرە ئەوە دڵی مەسەلەکەیە....، پاش خۆ کوشتنی خاڵم گەورەترین خۆشەویستی فێر بووم. لەو شتە سادەیە تێگەیشتم، کە ئەکرێت کەسێکت خۆش بوێت، بێ ئەوەی موڵکی تۆ بێت یا تۆ مەڵکی ئەو بیت، ئەشکرێ کۆمەڵێ کەسمان خۆش بوێت، لەبەرئەوەی بەهای شتێک، واتایەکی گەورە کۆمان ئەکاتەوە، ڕەنگە ژیانی ئێرۆکانە ئەم لایەت بۆ ڕوون بکاتەوە، هەندێ جاردرنگ ئەگەینە ئەو قەناعەتە، لەوانەیە هەرگیز ئەو ئیشقەمان ڕووناکی نە بینێت، کەچی هەر بەردەوام ئەبێت"(سەلمان،٢٠١٥،٢٠٢،٢٠١)، نووسەر پێی وایە خۆشەویستی ڕێگایەکە بۆ گەڕێدەی و خۆدۆزینەوە و دووبارە داهێنانەوە و ڕوحکردنەوە بەر جوانییەکان، بە واتەیەکی دیکە"ئاماژە بە گرنگی چەمکی خۆشەویستی دەکات. ئەگەر لە دونیا خۆشەویستی حکوم بکات، هەموو شتێک بەرەو باشتر دەڕوات؛ لێرەشدا تەنها خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو مەبەست نیە، بەڵکو هەموو جۆرە خۆشەویستییەک، سەلمان،،٢٠٢١).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا(ئادەم) دەیەوێت بەتێڕوانینێکی جیاوازەوە لەم چەمکە بڕوانێت، ئەویش پاراستنی تایبەتمەندی و جیاوازی هەر دووجەمسەرەکەیە لەم پەیوەندییەدا، چونکە زۆرجار بوون لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ناڕەسەنێتی، بۆیە ئەم جۆرە پەیوەندییە تەقلیدی و ئایدیالییە کە هەیە، چونکە جەمسەرەکان لە پەیوەندی خۆشەویستی دا یەکێیان دەیەوێ ئەویتریان لە بوونی خۆی دابڕێت" وردە وردە ئەم پەیوەندییە خۆشەویستییەی، کە لەسەر بنەمای ئارەزوویەکی سەربەستانە بونیاد نراوە، دەچێتە قۆناغی ململانێی بوونەکانەوە، ململانێی نێوان خودی من و خودی ئەو، بەوە کۆتایی دێت، یان لە ناو خۆشەویستەکەمدا فەنادەبم یان ئەو لە ناو مندا فەنا دەبێت، فەنابوونی هەر کامێکیشمان بە فەنابوونی خۆشەویستی کۆتایی دێت، چونکە چیدی عاشق و مەعشوق بونیان نامێنێت، بەڵکو تەنیا یەک عاشق هەیە، یان مەعشوق"، (الحفنی،١٩٦٧،١٠٤)، بۆیە ئادەم لە پێناوی فەنا نەبوونی ئەم عشقە و بەردەوام بوونی هەریەکەیان بە بوونی ڕەسەن و تایبەتمەندی جیاوازی خۆیانەوە بڕیاری ڕۆشتن دەدات و عەشقەکەیان بەردەوام دەبێت.

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی کەلای (ئادەم) جێگەی بایەخە(ئەزموون)ە، جگەلەوەی بە درێژایی دەقەکە جەخت لەسەر گرنگی ئەزموون دەکاتەوە و لێرەشدا لەسەروو خوێندنەوە دایدەنێت، پێی وایە مەرج نییە ئەو کەسانەی خاوەن تێڕوانینێکی قووڵ بن بۆ ژیان کەسانی خوێندەواربن، جگەلەوەی خوێندن مرۆڤ تێکەڵ بە کاری بەکۆمەڵ دەکات، مرۆڤیش لە ناو کاری بەکۆمەڵ دەبێتە کەسێک کەمتر بواری تێڕامانی هەیە، ئادەم دەڵێت:"خوێندن فێری شتێکمان ئەکات، کتێب زۆر شتمان فێر ئەکات و ژیانیش هەموو شتێکمان فێر ئەکات. ئەوەی لە دەرگا ژەنگاوییەکانی قومارەوە فێری بووم، دەرگای خوێندن نەیتوانی ئەو لایەم بۆ تێر بکات، وەکوو کەسێک، کەخۆم پێویستم پێی بوو. خوێندن بۆ ئەو کەسانەیە کە کاری کۆمەڵ بەڕێوە ئەبەن، بیرکردنەوەی قووڵیش کاری ئەو کەسانەیە، کە بەشداری لە لێکدانەوەی دونیا ئەکەن"، (سەلمان،٢٠١٥،٥٠٩). ئەم تێڕوانینەی (ئادەم) بە جۆرێک لە جۆرکانی ڕەشبینییەتی بەرامبەر بە خوێندن، بەوەی کە خوێندن کەسێکی قووڵ بین بەرهەم ناهێنێت، کە خاوەن پرسیاری جدی بێت.

مەردۆخ، یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە سەرەکی و گەڕیدەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، کە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە گەشتی ژیانی لە پێناوی خۆ دۆزینەوە و خۆ بونیادنانەوە و پاشانیش گەڕیدەی عەشق دەست پێدەکات، کاتێک ناتوانێ لە ناو ژینگەی خوێناوی بەهۆکاری جەنگ و دین دا ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، چونکە نە جەنگ ئارامی و نە دین وەڵامی پرسیارەکانی پێدەبەخشێت، جگەلەوەی دینش بە ناڕاستەوخۆبەشدارە لە جەنگەکەدا بەوەی هەندێجار بە خراپ بە کاردەهێنراوە ، چونکە بەشداری کردنی لەجەنگ دەکردە واجبێکی دینی بۆ خەڵکی بۆیە (مەردۆخ) بڕیاردەدات دایکی جێبهێڵێت و گەڕیدەی دەست پێدەکات:"... ویستی لەبری ئەوەی لە ئاسمانی زیکری ئەو خەڵکەی ئەوێ بسوڕێتەوە، بگاتە ئەو دیوی دونیا و بە چاوی خۆی ببینێت چیی لێیە، کە ئەو ڕۆژەهاتە پێشی، سڵی نەکردەوە، هەر پاشنیوەڕۆکەی لە باوڵێکی چەرمدا کورتەک و شەڕواڵێکی پاکی دەرکرد لە بەری کرد،... هاتە ژوورەکەی دایکی، بینی هێشتا لەسەر بەرماڵی نوێژەکەیەتی، لێی نزیک بووە، بەدیاریەوە وەستا، تۆزێک بۆنی سمڵەکەی ملی کرد، بەڵام لە تاواندا نەویوێرا سەیری دایکی بکات، چاوەڕیی کرد تا دایکی گەیشتە سوجدە و سەری دانواند، ئەو جا بەسۆزەوە ماچی سەری کرد وماڵەکەی بە جێ هێشت"،(سەلمان،٢٠١٥،٣٨٦). لێرە بەدواوە سەفەری ئەم کارەکتەرەو ڕووداوەکانی ژیانی دەست پێدەکات، ئەمەش دەبێتە وەرچەرخانێک لە هزری ئەم کارەکتەرەدا، بەڵام ئەوڕووداوانەی پێشوو بەردەوام کاریگەری لەسەر باری دەروونی بەجێدەهێڵێت.

کێشەی نیشتەجێبوون و مانەوە لە شوێنێک بەهۆی دەروون ئاڵۆزی و ڕاڕاییەوە کێشەی سەرەکی ئەم کارەکتەرەیە، بۆیە کاتێک ژینۆ باسی کۆشکی پیاوەکانی بۆدەکات و دەڵێت ئێرە گەر زیندانیش

بێت لەم دۆخەدا سەر تیایدا ڕەحەت دەبێت، بەڵام مەرۆخی گەڕیدە دەڵێت:"ئێ بەڵکو من نەمەوێت سەرم ڕەحەت بێت، قوربان! پاشان من سەر ڕەحتی خۆم لە گەڕاندا ئەبینم، ئەوەی بۆ من ژیانە، من بەوجۆرە ئەژیم، با هەموو کەسێکیش ڕەتی بکاتەوە"، (سەلمان،٢٠١٥،٦٢)، ئەم دۆخەشی بەهۆی لێکەوتەی جەنگەکانەوەیە، کە بەردەوام ڕاڕایە و لە دۆخێکی دەروونی ناجێگیردا دەژێت، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت تاکی کورد بە جۆرێک برینداره لەڕووی دەروونییەوە بەهۆی ئەو کارەساتانەوە، خۆ دۆزینەوەو دەستپێکردنەوە بۆیان ئاسان نییە، جگەلەوەش وەک کارەکتەرێکی ڕۆشنبیر تیشک دەخاتەسەر ئەوەی"ژیان بۆ خۆی گەشتێکی هەمیشەییە، زێدە جوان و مانابەخشە، جێگایەک نییە بۆ خۆبەستنەوە و جێگیربوونی هەتاهەتایە، ئەو هەستە لە خۆت داماڵە کە تۆ سەر بەشوێنێکی دیاریکراویت، تا ماویت گەڕیدەبە... یەکێک لە کارەساتە گەورەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە خۆی گیرۆدە و بەند کردووە، خووی بە یەک شوێنەوە گرتووە"، (ئۆشۆ،٢٠١٨،٦٩)، ئەم تێڕوانینەش وادەکات کە لەهیچ شوێنێک جێگیر نەبێت، دەچێتە هەر شوێنێک لەوێش جێگیر نابێت و بەردەوام دەوێت بڕوات، دواتر لەگفتووکۆیەکیدا لە گەڵ ئادەمدا دەڵێت:" ئادەم: هەرگیز بڕوا نەکەی ئەو جێیە بدۆزینەوە، کە پڕ بە دڵ بە دوایا ئەگەڕێین، بڕوا بەمن بکە، من زۆر گەڕام و هیچم نەدۆزییەوە و گەڕامەوە ئێرە، ڕەنگە هەموو جێیەکی تر بدۆزینەوە، بەڵام ئەوەی ئەمانەوێ نەخێر، هەرگیز نایگەینێ،
مەردۆخ: بەپێی ئەو قسانەی جەنابت، ئەوەندە ئەزانم کە هیچ شتێک ئەوەمان بۆ مسۆگەر ناکات، کە ئەو جێیە هەبێت یاخود بیدۆزینەوە"،(سەلمان،٢٠١٨،٢٦٧)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت مرۆڤ کە بە ڕۆح گەڕیدەو غەریب بوو، هیچ کات ناگات بەو شوێنەی کە تیایدا ڕوحی ئارام بێت، چونکە گرفتی ئەم تاکە لە ناخیدایە نەک لە شوێن، بۆیە گومان دەکات ئەو شوێنەی ئەم بۆی دەگەڕێت هەر بۆنی هەبێت، بەڵام هەر بەردەوامیش دەبێت لە گەڕان ناوەستێت و ڕەشبینی چۆکی پێنادات.
یەکەم وێستگەی ئەم گەشتەکەشی لە خانووی پیاوەکانەوە دەست پێدەکات، کە لە خەیاڵی ئەودا وەک کۆشکێک دێتە پێش چاوی و دواتر هەر بە کۆشکی پیاوەکان ناوی دەبات، ئەوەش لە گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و ژینۆ ڕوون دەبێتەوە کاتێ ژینۆ پێی دەڵێت: "وتت کۆشک؟"،بێگومان بینینی ئەم شوێنە بە کۆشک لە وێرانەیەکی گەرمیاندا، "کۆشک دەکرێت ڕەمز بێت، ئاماژەیە بۆ نەتوانەوە لە ڕووداوی هەنوکەدا"، (عوسمان، ٢٠٢١،١٧٥)، کاتێک مەردۆخ بۆ پشوو وەرگرتنێک وەک ڕێبوارێک دێتە ناو ئەم کۆشکە، لە سەرەتادا بەر دنیایەکی تەواو جیاواز لە دنیای دەرەوەی کۆشک دەکەوێت، ئەمەش وادەکات سەرەتا تێگەیشتنی بۆ شتەکانی ناو کۆشک وەک پێویست نەبێت، چونکە لە سەرەتای ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دنیای ناو ئەو (کۆشکە/خانووی پیاوان)، پڕە لە خۆ ڕەتکردنەوە. واتە کەسی خۆپەرست و هەلپەرستی لێ نازی. بە پێچەوانەوە ژیانێکی هەرەوەزی کۆیان دەکاتەوە. ئەمەش تەواو پێچەوانەی دنیای دەرەوەیە بۆیە وەک خۆی دەڵێت: "ئەوەی کە ناتوانم خۆمی لەگەڵ بگونجێنم، مەسەلەی خۆڕەتکردنەوەیە، ئێوە کۆمەڵێ خەڵکن، زۆر توندو تیژن لە ئاست خۆتان، خۆتان بە هەڵوێستی خۆتان لەم جێیە سزا ئەدەن"،(سەلمان،٢٠١٥،٢٦٨)، ئەمەش وادەکات کە مەردۆخ تەواوی بارو دۆخی ناو کۆشکی پێ هەزم نەکرێت یاخود دەڵێت: ئێوە هەرهەمووتان، بەڕێز، ڕێگەم بدە بڵێم، لە درۆیەکدا دەژین، درۆیەک، کە بەوە دەچێت خۆتان داتان هێنابێت، لە هەموو شتەکان بەگومان بوو، ڕوونکردنەوەی هیچ کام لە کارەکتەرەکانی دیکە لە گومانی ئەمی کەم نەدەکردەوە"قسەکانی ژینۆ شتێکی ئەوتۆی لە گومانی مەردۆخ کەم نەکردەوە"، (سەلمان،٢٠١٥،٣٥)، بەڵام "ئەمە لە کاتێکدایە، کە هیچی بۆ ئاشکرا نەبووە، هیچی لەلا ڕوون نیە، پاشان وردە وردە لە جیهانی ئەوێ تێدەگات، لەبەر ئەوەی کە دەڕوات ئەوجا لە دیدگای ئەوانەی ناو کۆشک تێ دەکات، بەڵام پێویستی بەوەیە خۆی ئەزموونی شتەکانی ژیانی بکات"،(سەلمان،٢٠٢١) .

سەرەڕایی ئەوەش دەبوو ئەم کۆشکە جۆرێک لە گۆڕنکاری لە دونیا بینی ئەم کارەکتەرە بکات، بەوەی کە لێرەدا تێگەیشت هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێک وەستان نییە، بەڵکو ئەوەی بەردەوامی بە ژیانی ئەم کارەکتەرە دەدات تەنیا بەردەوامبوونێتی لە ڕۆشتن و درێژەدان بەو سەفەرەی کە دەستی پێکردوە:"هەر دەبوو لێرەدا، لەلایەکی ئەم کۆشکە، وەڵام بدۆزێتەوە بۆ ئەو گێژاوەی ساڵانێک بوو پێی تێدا چەقیبوو، ئەم کۆشکە ئەوەندەی پێشوازی لێ کرد، ئەوەندەش بە لایەوە نەیەگەیاندە جێیەک، پێدەچوو مەبەستیشی ئا ئەمە بووبێت، کە شتێک نییە بیگەیەنێتە جێیەک تەنها ڕۆشتن هەیە، هەر ڕۆشتن دەبێتە سەرمایەی وردەکاری ولە وەستان دەیپارێزێت"،(سەلمان،٢٠١٥،١٤٩)، بۆیە لێرە بەدواوە جۆری سەفەرەکەی گۆڕا لەوەی کە پێش گەیشتنی بە کۆشک پێی وابوو دەگاتە جێیەک، بەڵام دوای گەشتنی بە کۆشک ئەو بەرچاو ڕوونییەی لا دروست بوو، کە جێگەی نییە کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەم کارەکتەرە بداتەوە.

جگە لە جەنگ و دین، ئیشقی ئەم کارەکتەرە بۆ (زۆزان/ بێڤەر) دەبێتە فاکتەری گرنگی بەردەوامی سەفری، ئەویش کاتێک لە جەنگەکان هەڵدێت، ڕوودەکاتە گوندێک و دەچێتە ماڵی (حاجی تەقی)، لێرەدا دەکەوێتە داوی نیگایەکی (زۆزان)، هەروەک گێڕەرەوە ئاماژە بەسەرەتای دروستبوونی ئەم عەشقە دەکات"لە دەرچووندا، هیوا فرسەتی هێنا و تەماشایەکی قووڵی لەگەڵدا گۆڕییەوە...زۆزانیش لەلای خۆیەوە، وەک زۆربەی کچانی گوند کە شەرم نیشان دەدەن، بەڵام ناترسێن، لە تەماشاکردن و نە لەسەرنجی کوڕێک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، سەلمان،٢٠١٥،٣٩٨)، بەڵام بەهۆی ئەو گێژاوەی کە تێدایە و ئەو وێرانەیەی کە پێیدا تێپەڕیوە هەرزوو"ئەو ئشقە پڕژیانەی هاتەڕێشی و ڕوحی خستەبەر، بەدەستی خۆی هەناسەی هەڵکێشا و نایە چاڵ"، (سەلمان،١٤٩,٢٠١٥)، بەردەوامی دا بەسەفەرەکەی، مەردۆخ لەسەرتا دا پێی وایە عەشق و خۆشەویستی ئەوەندە جوانە، کە هەردوو جەمسەری ئەم عەشقە لەیەکتر دووربن، هەرکات ئەم دووجەمسەر بەیەک گەیشتن، ئیدی بەهار و سەوزی ئەم پرۆسە ئارەزوومەندانەش کۆتایی دێت و زۆر جاریش قین لەجیاتی دروست دەبێت، بۆیە کچە گەورەی پوری ویژدان بەم جۆرە باس لە عەشقەکەی(مەردۆخ)و هۆکاری جێهێشتنی(زۆزان/بێڤەر)دەکات دەڵێت:"پێ ئەچێ ئەو لەو کەسانە بێت بترسێ لەوەی ئیشق پیر بێت، بۆگەن بکات و بمرێت، دواجاریش، ئەگەر یەکێکتان نەمرن، ئەوا هەربە قین یەکتر ئەکوژن، بە ڕق و بوغز نێو دڵی یەکتر هەڵئە کۆڵن،... ویستتان یەکێکتان نەمێنێت تاکوو بتوانن هەردووکتان بە زیندوویی بمێننەوە، هەربەو کوشتنە، بە مردوویی ئەتوانن بە زیندوویی ئەوی دیکەتان بهێڵنەوە، ئەو وتۆش، ئەگەر یەکترتان نەگرتەوە، ئەوا تازە تامردن شەو و ڕۆژ لە دڵی یەک ئەبن، خۆشەویستی و ژیانتان بەوی تر بەخشی، ژیانێکی پڕمانا". (سەلمان،٢٠١٥،٢٣٥). ئەم کارەکتەر ئاماژە بەوە دەکات کە بەهیوای یەک بژین باشترە لەوەی لەگەڵ یەک بژین،، بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا پەشمانی بەرامبەر بە کوشتنی ئەم عەشقەی دەردەبڕێت.

سەرەڕای ئەوەی کە نە بوونی ژن لە کۆشکی پیاواندا بەلای مەردۆخەوە کێشەیەکی گرنگ و سەرەکییە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا تێڕوانی ئەم کارەکتەرە بۆ ژن جیاوازە لە تێڕوانینی باو و ڕووکەشانە ئەمەش کاتێک دەڵێت؛ "من ژن وەها سەیر ناکەم، کە بەشدار پێخەفم بێت، نانم لەگەڵ بخوات، بیریبکەم و بیرم بکات، خۆشم بوێت و ئەویش خۆشی بوێم و لە بۆنەکانا یەکتریمان بیر بکەوێتەوە، ژن لە لای من ئەو دەرچوونەیە لە خودی خۆم، بازدانێکە، کە لەڕێگەی ئەوەوە ئەتوانم لە گەردوونا بسوڕێمەوە، بە هەوەسی خۆم گەشت بکەم، ئەو بەشەیە، کە من نیم، ئێمە بۆ ئەوەی لە خۆمان دوور بکەوینەوە، پێویستمان بەوەیە ژنمان تیا دابنشێت... تەنها ئەو دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەگەڵ زاتی خۆمان ئاشتمان بکاتەوە، دەنا ئێمە هەموو پیاو، هەتا هەتایە تۆراوین، لە ژیان لە مردن"، (سەلمان،٢٠١٥،٢٨٨)، ژن لای مەردۆخ زیاتر وەک پێداویستییەکی ڕوحی سەیر دەکرێت، نەک تەنیا وەک ئارەزوویەکی سێکسی، تەنیا ژنیشە دەتوانێت پیاو بکات بەگەڕیدە و سەفەری هەموودنیای پێبکات، دواجار هەر ژنیشە دەبێتەهۆی حەوانەوەی پیاو و جێگیربوونی

لە شوێنێکدا. سەرەڕای گەڕیدەی و خۆشەویستی ئەم تێڕوانینە فراوانەی ئەم کارەکتەرە بۆ(زۆزان)، پێشی وایە عەشق چارەسەری هەموو گرفتێک ناکات، بە تایبەت گەر ئەم خۆشەویستییە لە نێوان نێر ومێدا بێت، بە چەمکە فراوانەکەی نەبێت، بۆیە دەڵێت:" خۆشەویستی هاوکاریمان ئەکات، ڕێگەی هەندێ جوانیمان بۆ ئەکاتەوە، چەندە تیشکێکی پرشنگدار ئەخاتە سەر ژیانمان، بەڵام ئەفسوس، چارەسەری نەخۆشییە کوشندەکانمان ناکات، ئاخرییەکەی هەر ئەبێ لێرەش بڕۆم"، (سەلمان،٢٠١٥،٤١٤). مەرۆخ پێی وایە هەندێ برینی ڕۆحی و نیشتیمانی هەیە ئەم خۆشەویستییە ناتوانێ سارێژی، بەواتەیەکی دیکە خۆشەویستی چەند جوانیش بێت ناتوانێ سارێژی هەموو برینەکان بێت.

لە کۆتاییدا مەردۆخ خۆی وەک مرۆڤێکی بێئەقڵ دەناسێنێت بەهۆی ئەوەی قوربانی بە هەموو خۆشەویستییەکانی دا لە پێناو گەیشتن بە شوێن کە هیوای ژیانی لێبێت، لە لایەک دایکی جێهێشتووە، لە لایەکی دیکە دڵی کچێکی بردووە و جێیهێشتووە، بەڵام نەگەیشت بە هیچش:"ئەوەندەی من بێئەقڵم، کەس بێئەقڵ نییە، چونکوو ساویلکەم، بڕوام وابوو کە دەرچووم، ئەگەم بە شتێک، دەی ئەوەتا وەک خۆت لە من باشتر ئەبینیت، سادەترین هێمای ژیان لە هیچکوییەک نییە، من لە جێیەک دڵی دایکم سووتان، لە جێیەکی دی دڵی کچێکم ڕفاند و هەیکەلەکەیم جێ هێشت.... ئەوەتا پێچەکانی ئەم دونیای دەرەوەیە مۆتەکەیە و نازانم ئەمگەیێنێتە کوێ. ئیدی چۆن بێئەقڵ نیم!"، (سەلمان،٢٠١٥،٤٢٦).      .

یەکێک لەو چەمکانەی کە هەمیشە جێگەی گومان و پرسیار و تێڕامان بووە بۆ (مەردۆخ-هیوا)، گەڕان بووە بۆ مانای شتەکان، هەوڵدان بۆ پەیداکردنی مانایەك لەژیاندا هێزێکی رەسەن و بونیادییە، نەك ئاڕاستەیەکی لاوەکی لەکۆششە غەریزییەکانی مرۆڤ، ئەم مانا ناوازەیە کە تایبەتە بەخودی مرۆڤ و سەرەنجام هەر خودی مرۆڤە تەنها خۆشی دەتوانێ و دەبێ کە بەرجەستەی بکات یان بیهێنێتەدی، تەنها لەم کاتەدا ماناخوازی دەبێتە پرسێکی گرنگ و مرۆڤ رازی دەکات، دەکرێت مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ خۆی لەم پرسە نەبان بکات، بەڵام ناتوانێ بۆ هەمیشەیی خۆی لێلابات، بەڵام "پرسی مانا وەرسکەر و ئازاردەرە لە قووڵایی گیانی هەر مرۆڤێکا، بوونی پرس لە خۆیداهێمایە بۆ پرۆسەی گەڕان بە دوای وەڵامدا، بەڵام لە هەموو ئەوە بنەڕەتیتر خودی پرۆسێسی گەڕانەکەیە، نەک دۆزینەوەی وەڵام، وەک ئەوەی خەڵکانێک بانگی بۆ بدەن، ڕەنگە تەواو بە پێچەوانەوە کۆتایهاتنی وەڵام  خاڵە گرنگەکە بێت، جەوهەر ئەو پرسە لە بوونی وەڵامدا نییە، بەڵکو لە نەبوون یان نا کۆتاێتیی وەڵامدایە،  نەبوونی وەڵام بێمانایی ناگەیەنێت، بەڵکو خودی بێمانایی، واتە نەبوونی مانایەکی کۆنکرێتی، مانا لە خۆیدا مانای بنەڕەتی ئەو پرۆسێسی گەڕانەیە"،(حەمەعلی، ٢٠١٨،٥٦)، بۆیە مەردۆخ دەڵێت:"کێشەی من ئەوەیە، کە هیچوپووچیی ئەو ڕووداوانەی گەمارۆمان ئەدەن، وامان لێ ئەکەن گومانمان نەبێ، وابزانین کە پێمان لەسەر عەرد توند کردووە و جێگیرە و ناخلیسکێین، ئەمەش بە پێچەوانەوەیە،...تۆ تاقیت نەکردۆتەوە، کە هەندێجاربۆ ئەوەی لەوەڕسی و بێزاری و ناماقوولیی دونیا هەڵبێین خۆمان ئەکەینە دووبەشەوە؟ ڕێ بەبەشێکمان ئەدەین بڕوات، تا ئەتوانێ بڕوات و بفڕێت،... ئێمە کاتێک ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەمان لەلا کەڵەکە ئەبێت، کە ترسی مردنمان لەلا گەورەترە، ئەگەڕێین، تا بەشێکمان لە بەشەکەی تری خۆمان تار بکەین، ئەمەش هیوایەکی پووچە، چوونکوو ئەسڵی مەبەستەکەمان ئەوەیە، لە خودی مردن هەڵبێین، ئەمەشیان هەر لە بنەڕتدا مردن نییە، ئەوەندەی نەدۆزینەوەی واتایە"،(سەلمان، ٢٠١٥،٢٧٩) لەم گفتووگۆیەی ژینۆ و مەردۆخدا،  دەربارەی واتا ئەوە دەردەکەوێت، کە تەواوی کێشەکانی مرۆڤ لە بنەڕتدا کێشەی نە دۆزینەوەو نەگەیشتنە بە واتا، ئەم کارەکتەرە پێی وایە گرفتی مرۆڤ لەگەڵ مەرگشدا لەوەدایە لە واتاکەی ناگات، جگەلەوەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەندێجار ڕووداوە ڕووکەشەکان وا لە مرۆڤ دەکەن لە گومان دەربارەی واتای شتەکان دووربکەوێتەوە، بەڵام ئەم دۆخەش کاتییە، ئەگەر چی واتای شتەکان بە پێی پاشخان و تێگەیشتنی کەسەکان کە دەگەڕێن بۆ واتا دەگۆڕێت، بەڵام لەم ڕۆمانەدا "بەهۆی ئەوەی جەنگ و وێرانە ڕوویداوە هەموو شتێک واتای لەدەست داوە.

ئەوجا کە واتای شـــتەکان هەر نەدۆزییەوە، بێگومان دەکەویتە ناو بێهودەیی، ڕووی ئەودیوی بێهودەییش هەر دەکاتەوە ئەوەی ئێمە مردووین، بەڵام هێشتا هەناسە دەدەین. ئەم مردنە ڕەمزییە، نەبوون و نەمانی واتا لە کاتی شـەڕ و کوشـتار و پاش شـەڕ، هیچ لەو ڕاسـتیە کەم ناکاتەوە کە ژیـان بوونی نـامێنێـت"، (سـەلمـان،٢٠٢١). بۆیە لە کۆتـای ڕۆمـانەکەدا کـاتێـک زۆزان لەسەرمەرگدایە لە مەردۆخ دەپرسێت: کەی کوشتار کۆتایی دێت؟"

هیواش کە تەلسمی قسە هاتە بەرگوێی، وەڵامی دایەوە،" کەی ئێمەی بەناو بنیادەمەوە بڕیارماندا. ئا لەوێشدا نەیویست دڵی زۆزان زیاتر زامداربکات، لە دڵی خۆیدا قسەکانی تەواو کرد،" ئێمەش هەرگیز ئەو بڕیارە نادەین، بڕیار ئەدەین لە شوێن دووربکەوینەوە، بڕیار ئەدەین خۆشەویسترین کەسمان جێ بهێڵین، بڕیار ئەدەین ببینە قارەمانێکی درۆزن، چونکوو وەستاییمان پێ ناکرێت.... کەچی دڵمان نایەت بڕیاری وەســـتان و ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بە کوشــــتار بدەین"،(ســـەلمان، ٥٤٥،٢٠١٥)، هیوا بەجۆرێک ڕەشـــبینە کە پێی وایە مرۆڤ هەموو بڕیارە قورســـەکانی ژیانی دەدات، بەڵام ئامادە نییە بڕیاری ئاشـــتی و مرۆڤ دۆســـتی بدات، پێی وایە هەمیشـــە دیوە شەڕانگێزییەکەی مرۆڤ زاڵە و ئەمەشە ئەو وێرانکارییە بە جێدەهێڵێت، کە لە هەرسەردەمەو بە جۆرێک و بە شێوەیەک دەبێت.

هەر ئەو تێڕوانینەی ســـەرەوەش وای کردووە، کە ئەم کارەکتەرە بەجۆرێکی جیاوازتر بڕوانێتە (جەللاد) بۆیە لە گفتووگۆیەکی نێوان ژینۆ و مەردۆخدا، بە شـێوەیەکی جیاواز و سـەرنج ڕاکێش وەسفی جەللاد دەکات، کە باشتر ئەم کەسێتییە دەناسێنێت و دیدێکی نوێیەی هەیە بۆ ناسینەوەی ئەم مرۆڤە کە بکەرێکی ســـەرەکییە لە کارەســـات یان هەر ڕووداوێکی تراژیدیا لە بەشـێکی دا دەڵێـت: "هەموو ئەو کەســـانەی ئەڵێن جەللاد نین، لە جەللاد جەللاد ترن، جەللاد بەهـانە بۆ تاوانەکانی ناهێنێتەوە، ئەو خۆی وەک ئەرزوحاڵچییەک ئەبینێ، کە ئەبێ هەر ئەو کاغەزە سـپییە پڕ سکاڵایە لەسەر لەشی قوربانییەکانی ڕەش بکاتەوە، کەسیش بە قوربانی نازانێ، با قسە لەسەر ئەوانە بکەین، کە خەجاڵەتیش نین بگرە لە ڕەفتاری جەللادیـان گەلێـک ڕەزامەنـدن، ئولفەتیـان بەوەوە گرتووە کە دەســـتیان بە حەیزەران و قامچییەوە بێت، خۆیان بێدەنگ و ســـەنگین نیشـــان ئەدەن، بگرە کەس لەوانە ئارامتر نابینێ، ناو هەناویشیان مۆڵگەیەکی سەربازییە، کە یەک بەیتوو باڵۆرەی تیا جمەی دێت، چۆن کەسـانی دی بە هێمنی بکوژن، پاشـان وەک دوای هەر ئیشـێکی ڕەسـەن، بچنە ناو جێ و تا بەیانی بە زرمەی تۆپیش بەخەر نەیەن"، (سـەلمان، ٥٠،٢٠١٥). ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت زۆرێک لە مرۆڤەکان لە ناوەخندا جەللادن ئەگەر بە ســـیماش ئارام بن، بەڵام لە دەروونـدا تاریک و شـــەڕخوازن، لەم بارەوە(بەختیار عەلی) دەڵێت: "ئەدەب بەردەوام هەوڵیداوە، هەم پیاوکوژە بچوکەکەی ناو ناخی هەریەکێک لە ئێمە بدۆزێتەوە، هەوڵشـــی داوە مرۆڤە ئاڵۆز و پڕ تەلسمەکەی ناو پیاوکوژ دەست نیشان بکات و بیخاتە ژێر تیشکەوە، ئەوەی لە پیاوکوژەکانی ئەدەبدا ســـەرنج ڕاکێشـــە، ئەوەیە زۆر جار لەنێوان دوو نهێنیدا دەســـوڕێنەوە، یەکەمیـان پـابەنـدی تـاریکســـتـانی دەروونی خۆیەتی، دووەمیـان نهێنی و نـاڕوونییەکە لە دەرووبەریـانـدا"، (عەلی، ١٣٥،٢٠٢٢) ئەم کـارەکتەرە پێمـان دەڵێت زۆر کەس دەکرێت وەک جەللاد پێناســـە بکرێت، بەبێ ئەوەی خۆی بە جەللاد بناسـێنێ، چونکە لەســـەر ئاسـتی ڕووکەش ئارامن و لە ناخدا جەللادن، ئەمەش وادەکات ناســـینی ئەم کارەکتەرانە ئاســـان نەبێت، چونکە خاوەن ناسنامەیەکی ڕوون نییە.

پرسی ناسنامە یەکێکە لەو چەمکانەی کە لای ئەم کارەکتەرە هەڵوەستەی لەسەر کردووە، شوناس یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆز و جێ مشـــتومڕەکان، شـــوناس وەک پرســـێکی تاکییەتی یا کۆمەڵی، پرۆســـەیەکە بۆ خۆناســینی تاک لە کۆمەڵدا، جەخت کردنەوە لێی بەردەوام جیاوازییەکان نیشـــان دەدات و قووڵی دەکاتەوە. ناســـنامە هەروەک (ژاك لاكان) دەڵێت "ناســـنامە بەرهەمی قۆناغی ڕەمزی و پێشـــینەی خودی مرۆڤە، ئەو کـاتەی کە بونیـادی زمـان بەشـــێکە لەو خودە"، (عەبدوڵلا،٢٠١٧). ناســـنامە لەم دەقەدا بە وردی و فرە لایەنی کاری لەســـەرکراوە، چ وەک ناســـنامەی مرۆڤ، چ وەک ناســـنامەی تاکی کورد، جێگەی گفتووگۆ بووە لای نووســـەر،

ئەگەرچی"تواناکانی بوونی مرۆڤ لە ڕێگەی داهێنانەوە پێوانە دەکرێت، نەک لەڕێگەی چەمکی ناسنامەوە، بەڵام وەک چۆن داهێنان بەشێک لە ئاڵۆزییەکانی مرۆڤ دەنوێنێ، ناسنامەش بەشێک لەو ئاڵۆزییانەی بوونی مرۆڤ لە خۆ گرتووە،...چونکە چەمکی ناسنامە لەگەڵ کۆمەڵێک چەمک دەردەکەوێت: وەک ڕۆشنبیری و سیاسەت و زانستی و دەروونی و کۆمەڵناسی،...هتد، هەندێ جاریش هەموو ئەوانە وشەکە ئاڵۆز دەکەن"،(عەبدوڵڵا،٢٠٢١ ٩)، کارکردن لەم ڕۆمانەدا بە ئاراستەیەکە هەر خودی دەقەکە کە کار لەسەر دەستپێکردنەوەی ژیان دەکات لە قۆناغی پاش ئەنفال پەیامێکە بۆ مانەوە و بەردەوامی ناسنامەی تاکی کوردی، هەروەک مەردۆخ دەڵێت:"من ئەوەنەی لێ ئەزانم، قوربان، کە کەس ناتوانێ ناسنامەی کەس بدزێت. ئەوە وەک ئەڤینێکی گەورەیە، درزی تێ ئەکەوێ، لەوانەیە بشکێ، لێ کەس ناتوانێ بیدزێت، بنیادەم خۆی ونیش ئەکات، ڕەنگە ئەم بارەی من، وەک جەنابت ئاماژەت پێکرد وەهابێ، بەڵام کەس ناتوانێ ناسنامەی کەس بەرێت"، (سەلمان، ٢٠١٥،٦٤)، ناسنامە و خود، تێکئاڵاون و دەکەونە هەبوونگەراییەکی بێ کۆتاییەوە، ناسنامە وەک ئەوەی بونیادی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جیاواز دیار دەکات، هەڵگری واقعێکی بابەتگەرایە، بەڵام خودی خەیاڵکەریش ڕۆڵی تێدا دەبینی، لێرەدا نووسەر جیاوازی نێوان دووجۆر لە ناسنامە دەکات بەوەی "ناسنامەی نیشتمانی و ناسیونالی جێگیرە(وەک تایبەتمەندی زمان، مێژوو،نیشتمان...هتد)، بەڵام ناسنامەی تاکگەرا گۆڕاوە، ئەو هەست و خەسڵەتە گۆڕاو و ئەبستراکتانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە چوارچێوەی تاکگەراییەوە"، (عەبدوڵڵا،٢٠٢١،١٣)، مەردۆخ ئاماژە بەوە دەکات ئەگەرچی ناسنامەی وەک تاک تووشی ونبوون بووبێت، بەڵام ناسنامە وەک نەتەوە هەرگیز نادزرێت و هەر دەمێنێت، سەبارەت بە ونبوونی ناسنامەی مەردۆخ وەک تاک (ئەریکسون) ئەم کێشەیە وا دەبینێ کە هەستکردنە بە جێگیرنەبوونی ناسنامە کە زیاتر لای گەنجان قەیرانی ناسنامە ڕەنگی داوەتەوە، پێی وایە کە ئەگەر تاک سەرکەوتوو نەبوو لە تێگەیشتن لەدەروونی خۆی، هەروەها نالاندنی بە هۆی دیارنەبوونی ناسنامەی لە کاتی ئێستا و نەتوانین بۆ دۆزینەوەی لە ئایندەدا، بەم شێوەیە ئەو تاکە دەچێتە خانەی ئەو کەسانەی کە پێیان دەوترێت خاوەن ناسنامە پەرش و بڵاوەکان، هەر ئەوانیشن بەدەست قەیرانی نامۆبییەوە دەناڵێنن"،(سەعدون،،٢٠١٣،٢٤٣)، بێگومان سەرجەم ئەم سیفەتانەش لای ئەم کارەکتەر دەبینرێت.

لە درێژەی گفتووگۆکانیدا مەردۆخ لە ڕێگەی چەند ڕستەیەکەوە گوزارشت لە یەکێک لە گرفتەگەورەکانی کۆمەڵگا دەکات، بەوەی کە هەموو بوار و وەزیفەیەک مانای خۆی دۆڕاندوە لەڕۆژهەڵات بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی، چونکە کارەکتەرەکان بە تەنیا لە ناو کایەی خۆیاندا کارناکەن، بەڵکو هیچ گرنگ نییە مەلایەک و شاعیرێک ڕۆڵەکانیان بگۆڕنەوە، ئەگەرچی مەلا شوێنی بەرەی جەنگ نییە، ئەوە ئەرکی سەربازە، بەڵام ئەمانە گوزارشتە لە شێواوی سیستەم وئیدارە، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە لێکەوتەکانی جەنگ و کارەساتەکان، وەک خۆی دەڵێت:"پێکەنینی بەوەش دەهات، کە مەلا چووە بۆ شەڕ و ئەمی شاعیر لەبری ئەو دەبێ بانگ بدات، لەگەڵ خۆشیدا وتی: لەم زەمانە، هیچ شتێک لە جێی خۆی نییە، ئیدی شاعیر بێت یان مەلا، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت!"، (سەلمان،٢٠١٥،٤٠١). ئەمەش هەمان ئەو سیستەمەیە کە دەسەڵاتی ئەوکات کاری لەسەر کردووە.

لە کۆتایی دەقەکەدا (هیوا/ مەردۆخ) وەک ئاماژەیەک بۆ بەردەوامی چیرۆکی (ئادەم) و هەموو ئادەم ناوەکان ناوی خۆی دەنێت (ئادەم)، "ئادەم ناومە، کەسێکە و هەمووکەسێکە، هەر ئەو ئەتوانێ شەوانە وەک با هەڵبکات و خۆی کام لایەی بەکەڵک زانی، بەرەو ئەوێ ئەچێت و تۆوی هەموو جێییەکی دونیا لە ژێر باڵیدا هەڵدەگرێ و بەرێوە هەر تۆودەکات، من ماندوو بووم، زۆر لەوە ماندووترم، گەشتی خۆم بەناوی خۆمەوە بکەم، هەر ئەو ئەتوانێت ببێتە هاوتام و بە چاوی ئەو دونیا ببینمەوە"، (سەلمان،٢٠١٥،٥٥١)، تۆوکردنی بەردەوامی (ئادەم) ئاماژەیە بۆ بەردەوامی چیرۆکی گەڕیدەی لە پێناو دۆزینەوەی خود و گەڕیدەی عەشق لە کۆمەڵگەی

مرۆڤایيەتيدا، بۆيە (ئادەم/مەردۆخ) لە کۆشکێک نیشتەجێ دەبێت، بە هەمانشێوە پێشوازی لە ڕێبواران و هەموو ئەو کەسانە دەکات کە لە جەنگەکان هەڵدێن و وێڵی پەناگەیەکن بۆ خۆبونیاد نانەوە،" ئادەم ناو دەستی بۆ زۆزان درێژ کرد، تا پێش بکەوێت، مۆمی سەردیوارەکانی کوژانەوە و لەگەڵ زۆزان بەرەو ژووری نانخوارن بەڕێ کەوتن،" (سەلمان،٥٥٩،٢٠١٥)، بەڵام لێرەدا ئێمەی خوێنەر "هەرگیز نازانین ئەو دوا وێزگەیە بۆ (هیوا/ مەردۆخ) یان بەردەوام دەبێت لە سەفرەکەی ئەمەش هەر دەبێتە وێستگەیەک وەک وێستگەکانی تری سەفەرەکەی، لە لایەکی ترەوە هەمان کۆشکی ئادەمە کە جڵەوی بۆ (هیوا/ مەردۆخ) بەجێهێشتووە، یاخود هیوا کۆشکی خۆی دروست دەکات؟)، بەڵام دروستە کە هەردوو کارەکتەری (هیوا/ ئادەم و زۆزان/) بەردەوامیی بە خۆشەویستی دەدەن، دەکرێت بڵێین لاپەرەیەکی نوێ لە ژیانی دا هەڵدەداتەوە، چوونکە خۆشەویستی ئەو فاکتەرە گەورەییەیە کە مرۆڤ جێگیر دەکات و لاپەڕەی نوێ هەڵ دەداتەوە. سەلمان. ٢٠٢١).

سەکینە، یەکێکە لە کارەکتەرە ژنە سەرەکییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرە ژنەکانەوە پرۆسەی جەنگ بەو ئەنجامە قورس و تراژیدییەی لێی کەوتەوە، کە تاوانێکی هێندە گەورە بوو بە ئاستێکی بەرز و بە شێوەیەکی وێنا نەکراو هەموو جۆرە توندوتیژیەکی تێدا تاقیکرایەوە دەخاتەڕوو، بۆیە ڕۆماننووس ئەو کاریگەرییە دەروونییانەی جەنگ تا ئاستی حاڵەتی تڕاوما(زەبری دەروونی) لەسەر قوربانیانی زیندوو و ڕزگاربووانی جەنگ بە جێ دەهێڵێت دەخاتە ڕوو. ئەمەش کاتێک بەدەردەکەوێت سەکینە و ژنەکانی تر لە ساتەوەختی جەنگ بەرەو ئەودیوی سنور هەڵدێن لە پێناو ڕزگاربوونیان لە شاڵاوی جەنگ، کاتێک کچەی دەگرێت بەهۆی لە دەستدانی دەستگیرانەکەیەوە کە بەر شاڵاوی جەنگەکان کەوتووە سەکینە بە مەندان دەڵێت: "ئەی ئێمە؟ ئێمەش بریندار نین؟ ئەو قوڕبەسەرییە ئێمەش ناگرێتەوە؟ ئەوەندەی من بزانم، ئێمەی ژن دڵڕەق نین، بەڵام ئەوەنە چاوقایمین، ڕۆحی پیاو ئەبەین و هیچ کارەساتێک نامانلەرزێنێت، خۆت لەمن باشتر ئەزانی، خوشکم، کەکاتی بەسەرا ڕۆیشت، ئەوەشەیان لە بیر ئەچێتەوە، دەدەی، پێ هەڵگرن دار وبەرد لەیەک بدەن، هەر ئەبێ بگەینە ئەو دیو"، (سەلمان، ٣٢٧،٢٠١٥)، سەکینە ئەم هەڵوێستەی بەرامبەر بە ئازاری کچەکان کە دەزگیرانەکانیان بەر جەنگ کەوتووە و دەگرین بۆ دڵڕەقی ناگێڕێتەوە، بەڵکو چاویان قایمە و بە تێپەڕبوونی کات هەزمی دەکەن و لەگەڵیدا تێدەپەڕن ئەمەش سیفەتێکی مرۆڤە بە گشتی، بۆیە سەرەڕایی ئەو دۆخە سەختەی کە پێیدا تێدەپەڕێن، بەڵام وەک ژنێکی خۆڕاگر لەسەرپێی دەوەستێت و بیر لە ژیانی کچ و خوشک و خوشکەزای دەکاتەوە.

لەم بارەیەوە(شەونم یەحیا) دەڵێت:"ئامادە بوونی ژن لە ناو ڕۆمانی "شەوانی ئادەم" بە شێوەیەکی شیکاری شوناسی ڕاستەقینەی ژنی کورد نیشاندەدات، کە ژن ئەو زاتەیە هەمیشە قوربانی دەستی کۆمەڵگە و نەریتەکانیەتی، پێش ئەوەی بیر لە بەختەوەرییەکانی خۆی بکاتەوە، بیر لە دەوروبەر دەکاتەوە. بە هۆی نەریت سالاری و کۆنترۆڵ و ئابلۆقەی کۆمەڵایەتی سەر ژنی کورد، وایکردووە بە ئاسانی نەتوانێ بیر لە خودی خۆی بکاتەوە، بەڵکو کارەسات و وێرانە سیاسیەکانیش دوو ئەوەندەیتر لە باری ژنی کوردیان قورستر کردووە، لێرەوە کارەکتەری (سەکینە) لە نێو ڕۆمانەکەدا وێنەی ڕاستەقینەی ژنی کورد نیشاندەدات، کە چۆن قوربانی بە خۆشیەکانی ژیانی خۆی دەدات و لە نێو گێژاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی وون دەکات"،(یەحیا،٢٠١٩)، تەنانەت کاتێک سەکینە هەست دەکات وەستا خۆشی دەوێت، ئەگەر چی ئەمیش هەمان هەستی بۆی هەیە، بەڵام دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەم هەستە و خەفەی دەکاتەوە، "سەکینە هەستی لەو کەمترنەبوو، ئەگەر چی نەیهێشت هیچ بە هەڵسوکەوتییەوە دەربکەوێت. ترسناکی ئەو دۆخەی تێیدا بوون، جۆری ئەو کارەساتەی کە ئەمان لە دوورەوە سوێراویان خواردەوە و پشکۆکانیاگرتە باوەش، دۆخی خۆی وەک بێوەژنێک، دایکی دووکچی گەنج، کە ئەمانە کاتی دڵداری و بیستنی خۆشەویستین، هەموو ئەمانە ڕێگر بوون، دیوارێکی پۆلایین بوون و لە دژی هەرچی پێی دەڵێن هەست و سۆز دەوەستانەوە، ئیدی چی لە دڵیدابوو،

بەدەستی ئەو چارەنووسە بەزەبری هاتەڕێیان، خەفەیکرد"، (سەلمان، ٣٥١،٢٠١٥)، کەواتە هەمیشە ژن قوربانی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابورییەکانیش بووە، هەروەک لێرە دا سەکینە نمایندەی دەکات.

هەر لەڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە نووسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئاراستەی کۆمەڵەکەی دەکات، بەوەی هەر کاتێک ژن کەمێک تەمەنی هەڵکشا ئیتر عەیبەیەکی کۆمەڵایەتییە باس لە خۆشەوسیتی بکات، بەڵام نووسەر پێی وایە ئاساییە گەر ژنێکی بەتەمەنیش گوزارشت لە ناخ و خۆشەویستی بکات، ئەمەش وەک پەیامێک ئاراستەی خودی ژنان خۆیانی دەکات، کەڕووبەڕووی ئەم نەریتە ببنەوە، بێگومان ئەمەش پێویستی بەقوربانیدانە،گێڕەرەوە دەڵێت:"سەکینە ڕۆڵەکەی لەگەڵ کچەکانیدا گۆڕیبوو، لەبری ئەوان، تیشکی ئیشق خرابووە سەر ئەو، سەری دانواندبوو، شەرمی بەخۆی دەهات، کە لەو تەمەنە، پاش ئەو هەموو ساڵە، ئا لەم دانیشتنە، کچەکانی لاپەڕەی ئیشقی کپبوو لە دڵیدا، وا لەسایەی بێڤەر، ڕستەکانی بەوردی تاوتوێ ئەکەن"، (سەلمان،٢٣٨،٢٠١٥)، ئەگەرچی(سەکینە)ش بەهۆی بێڤەرناوەوە دەیەوێت ئەم هەنگاوە بهاوێت و گوزارشت لە ناخی دەکات، بەڵام شەرمیش دەکات لەبەرئەوەی یەشتا لە ژێر کاریگەری کلتوردایە و نەیتوانیوە بازنەی کلتور تێپەڕێنێت، چونکە ئازاد نییە بڵێ کە وەستام خۆش دەوێت، لەلایەن ژنانی دەوروبەر و کۆمەڵگەوە سەرزەنیشت دەکرێت، چونکە ئەمە وەک عەیبەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت. .

وێستگەی یەکەمی سەکینە ماڵی(وەستا/ئادەم)یە، کاتێک دەگاتە ماڵی وەستا و هەستی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، وەستا داوای لێدەکات لای بمێنێتەوە، بەڵام سەکینە لە بەرئەوەی یەشتا شۆکی ئەو زەبرە دەروونییە بەرینەداوە کە بەهۆی جەنگەوە بەسەریدا هاتووە، بۆیە ناتوانێ بە بڕیارەکەی وەستا ڕازی بێت و داوای کاتی زیاتر دەکات تاکوو بەر چاوی ڕوون بێت، بۆیە بە(وەستا) دەڵێت:"تۆ نابینی ئێمە هەموو، بە تایبەتی ویژدانی کچم، تێکچوونێکمان پێوە دیارە؟ تۆش هەر وەک من پەشۆکاوی، لە ژێر باری وەهاشدا، ناتوانین هەستی ڕاستی خۆمان لێک بدینەوە، من بەش بەحاڵی خۆم بە ئاسانی ناچمە ژێر بومەلەزەی ئەم ساتە،... خۆمن دەمێکە بێوەژنم، کەچی سەیر بکە هەر لە ئێستاوە نابینی کە ئەو کچۆلانەش ڕووخساری هەموو بێوەژنەکانی دەنیایان لە خۆیان هەڵگرتووە؟"، (سەلمان،٣٨٠،٢٠١٥)، جگەلەوەی سەکینە گومانی لە هەستەکانی خۆی هەیە بەرامبەر بە خۆشەویستی وەستا نازانێت کە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەیە یان سەرپێی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی (سەکینە)ی نیگەران کردووە بێوەژنبوونی کچەکانیەتی، چونکە چارەنووسیان بەهەمان شێوەی خۆی دەبێت، چونکە یەکێک لە قوربانییەکانی نەریتی کۆمەڵایەتی، ئافرەتی بێوەژنە، ئەم ئافرەتە دەیان کۆسپ دەخرێتە بەردەم ژیانیان، زۆرجار لەبەر توانجی کۆمەڵایەتی دەستبەرداری زۆرێک لەخەونەکانی دەبێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئافرەتان ئەرکی بە ڕێوەبردنی خێزانەکانیان لە ڕووی ئابورییەوە دەکەوێتە ئەستۆ، ئەمەش جۆرەها گرفت و ئاستەنگ دروست دەکاو دێنێتە ڕێی ئەو خێزانانە بەتایبەت ئەو ئافرەتەی ئەرکی بەرێوەبردنی خێزانەکەی لە ئەستۆدایە، بۆیە هەموو ئەمانە بوونە هۆی نیگەران بوونی سەکینە دەربارەی ئایندەی کچەکانی.

سەرەڕایی هەموو ئەوبەربەست و گرفتانەی کە بۆژن دێتەڕێ، (سەکینە) وەک ژنێکی گەرمیانی لەسەرپێی خۆی دەوەستێ و بەرنگاری هەموو ئاستەنگەکان دەبێتەوە، لەم گفتووگۆیەدا لەگەڵ (وەستا)دا دەڵێت:"تەنیایی من گەلێک لە هی تۆ جیایە، وەستا، من بە جۆلانەیەک ناچم، کە هەموو ژیانم چاوەڕوان بووبم پیاوێک ڕام بژەنێت، نە بە موسافیری تاقەبەلەمێکی بێکەس ئەچم، کە لە ئاوێکی قوڵا بە تەنیا مابێتەوە، بگرە بە منداڵێکی یەک ساڵان ئەچم ون بووبێت، نە زمانی هەیە ونبوونەکەی خۆی پێ دەربڕێ و نە قاچیشی بە تەواوی گرتووە، تاکوو کەسێکی خۆی بدۆزێتەوە"، (سەلمان،٣٨٠،٢٠١٥)، سەکینە پێمان دەڵێت وەک ژنێکی لەسەرپێوەستاو هیچ کات بە تەنیا و چاوەڕوانی پیاو ناکات بۆ گەیشتن بەوەی کاری بۆدەکات، بەڵکو هۆکاری باری ژیانی من ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کە وەکو کۆت وپێوەندێکی دەست وپێی بوستووە، بووە

بەهۆی ونبوونی لە ناو ئەو گێژاوەی کە جەنگ لە دروستیکردووە، کاتێکیش وەستا بڕیاری ڕۆیشتن دەدات، لەگفتووگۆیەکیدا لەگەڵ بێڤەردا دەربارەی ئیشق دەڵێت: " ئاخر ژن هەر بەوە دڵی خۆی ئەکوژێت، کە پیاو بەرەو هەڵهاتن بنێرێت! پیاویش خۆی هەر هەڵدێت، ئەمڕۆ یان سبەی، هەر ئەڕوات، ئێمەی ژن تەنیا ڕێیەکەی بۆ خۆش ئەکەین"،(سەلمان،٢٠١٥،٢٢٨)، ئەمەش وەک ئاماژەیەکە بۆ کوژرانی دڵیخۆی پاش وێڵکردنی (ئادەم/وەستا)، هۆکاری ئەم ڕەتکردنەوەیەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دۆخەی کە یەشتا نەیتوانیوە تێپەڕێنێت، بۆیە لەم دۆخەی ئێستایدا ناتوانێ لەگەڵ وەستا پێکەوە بەردەوامی بە خۆشەویستییەکان و پێکەوە ژیان بدەن، بۆیە خۆی بە قوربانی ئەم دۆخە دەبینێت.

ئەگەرچی دوای ڕۆشتنی (ئادەم) سەکینە دەیەوێت ئەم عەشقە بە کۆتا بێنێت و ئەو هەست و هەڵچوونەی هەیەتی دامرکێنێتەوە، بۆیە دەڵێت:"گەرکمە لەم بەشەی ژیانم، بڕیاری کۆتایی ئەو خۆشەویستییەبێت، نەک بە مردنێکی خاو و لەسەرخۆ، کە ئەو قوڵپی دڵەی هەمانە، هێدیهێدی ئارام ببێتەوە و وەها سۆز کەم بێتەوە، تا بە ئێجگاری ساردوسڕ ئەبێتەوە، بۆیە ئەمەوێ لەسەر دوا هەناسەی ژیانم لەگەڵ تۆ کۆتایی بەم چیرۆکەمان بهێنین".(سەلمان،٢٠١٥،٢٣٧)،بەڵام سەرکەوتوونەبووە لە کۆتایی هێنان بەم عەشقە تا کۆتایی دەقە بەردەوام دەبێت، لە کۆتایی دەقەکەشدا بە کراوەی جێهێڵراوە بۆ خوێنەر.

## ئەنجام:

١-لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرەکان لە ڕووی ڕۆڵەوە دەبنە دووبەشەوە کارەکتەری سەرەکی وەک(ئادەم، مەردۆخ، سەکینە) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، هەروەها کارەکتەری لاوەکی وەک( مەندان، ڕەهێڵە، بەفرین، ویژدان، ئەفسان) ڕۆڵی لاوەکی دەگێڕن.

٢-لە ناوڕوداوەکانی ڕۆمانەکەدا بە پلەی یەکەم هۆکاری سیاسی و بە پلەی دووەم هۆکاری هزری ڕۆڵی گرنگیان لە بنیات و پێکهاتە و جووڵەو ئاراستە و هەنگاوەکانی کارەکتەری سەرەکی بینیوە.

٣-لە نێو کارەکتەرە سەرەکییەکاندا، تەنیا(ئادەم) کاریگەری لەسەر هەموو کارەکتەرەکانی دیکە هەیە و کارتێکەرە.

٤-کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لەڕووی دەروونییەوە (ڕاڕا، بە گومانن) بەهۆی کاریگەری جەنگەکانەوە.

## References

1-xalid qadr Ibrahim,(2016), bnyaty karekter le romanakani(imbrahim ahmad, ghaib toama farman, zankoy charmo, kolegi parwarda w zman, namay master.

2-Saman ezadin saadwn,(2013), daqa shiaryakani goran la rwangai darwnnasiyawa, zankoy slemani, kolegi zman, namai dktora.

3-Mahmad amin abdulla, shakas le romani kurdi kurdstani Iraq, zanko salahadin,kolegi adab, namai mastar.

4-Osho,(2018), tanhai, wargerani, sherzad hassan, le blawkrawani ktebfroshi mixk, hawler

5-Bushra kasnazani,(2012) plot la chroki kurdida, chapxanai larya, slemani,

6-Baxtiar ali, (2022), dastasrakai otelo, nawandi roshnbiri rahand.

7-Abdlmotalib abdulla, (2021), nasnama twanakani buni mrov, dazgai rosa, hawler.

8-Ali Osman yaqub, (2021), roman zhanari taknika jwanakan , dazgai sardam

9-Ari Osman xayat, (2019), rwangi raxnaw rwanini tweri, dazgai narin, hawler

10-Omed hama ali,(2021), mrov boneki tawaw nakraw, dasgai rosa, hawler